مەدیلی سیاسی دەسەلاتی بەلشەفیزم چیە؟ ... ئاسۆ کەمال

ناکۆکی نێوان دیکتاتۆریەتی حزب و هەموو دەسەلات بە شوراکان

لە کاتی دەسەلاتدا مەدیلی حزب لەبواری پراتیکی چینایەتی و کۆمەلایەتیدا بەتەواوی دژدیکۆیە. تیۆری جێنشینی حزب لە جێگای چینی کرێکار ،کە لایەن لینین هێنرایە ئارا ، لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا کاتێ بەلشەفیکان دەسەلاتیان گرت بەتەواوەتی جێبەجێ کرا. بە پێی ئەم تیۆریە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوو دیکتاتۆریەتی حزب، چونکە بەلای لینینەوە، حزب و چینەکە دوو شتی جیاواز نین، هەربۆیە جێنشینی حزب لە جێگای حزب و دیکتاتۆری بەلشەفیکان لەجێگای پرۆلیتاریا لای ئەو ڕەوایەتی هەیە.
لەوەڵامی سپارتاکیستەکانی ئەڵمانیا و ڕۆزا لوکسبورگدا ،کە ڕەخنە لەم تێوانینە دەگرن ، لینین دەڵێ" ئەم پرسیارە دێتە خەیاڵ : کە دەبێ بە دیکتاتۆریەت هەبێ ؛ حزبی کۆمۆنیست یان چینی کرێکار..ئایا دەبێ بڕۆیەکی مەبدەئی کاربکەین بە دیکتاتۆریەتی حزبی کۆمۆنیست یان دیکتاتۆریەتی چینی کرێکار."1 بۆیە لینین ئەم پرسیارە جگە لە تەکنیکی فکری شتێکی تر نیە ، بۆیە لەڕاستیدا ئەمە بنەمای مەدیلی سیاسی دەسەلاتە لای بەلشەفیزم. بەپێی تیۆرەکەی سەرۆکی لینین کۆمەڵگە دابەش بوو بەسەر چینەکاندا و چینەکانیش بەسەر حزبەکاندا و حزبەکانیش بەسەر گرووپەکی سەرکردەی نگەڵدا.

هەربۆیە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا واتە دیکتاتۆریەتی حزب و دیکتاتۆریەتی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش دیکتاتۆریەتی سکرتێر و لیدەری حزب. ئەمە تیۆری جێنشینی لینینە، حزبی کۆمۆنیست جێنشین و نوێنەری چینی کرێکار. هەربۆیە دیکتاتۆریەت و بەیار وسیاستەکانی حزبی کۆمۆنیست واتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و بەشداری سیاسی و بەیاری ئەو چینە. بەم پێیە مەدیلی سیاسی دەسەلات لای بەلشەفیزم بریتیە لە دیکتاتۆری حزبێک کە بەناوی پرۆلیتاریاوە حوکم دەکا. واتە نێک حوکمی ڕاستەوخۆی چینێک بەکو حوکمی ڕاستەوخۆی حزبێک. بەڕای ئۆگۆر وایە دروشمی "هەموو دەسەلاتێک بە شوراکان" ی شۆڕشی ئۆکتۆبەر چی لێهات؟ بەپێی تیۆری جێنشینی ،حزب نوێنەری چینی کرێکار کەواتە بەچی شوراکان پشتیستە و دیکتاتۆریەتی حزب چی لە دێت ئۆگۆر شوراکان هەموو دەسەلاتێک بن؟ ئایا ئەم دوو قوتبیەی

دەسەڵاتداریەتی حزب و شورا چۆن چارەسەر کرا لە سۆفیەتدا؟ لە سیستەمی دیکتاتۆریەتی حزبی بەلشەفیدا شوراکان لەگەڵ سیستەمێکی هەڵبژاردنەوە نوێنەرانێک هەڵدەبژێرن کە ئەوان دەبن بە نوێنەری چینەکە لە دەسەڵاتدا. بەڵام لەهەمان کاتدا لەم سیستەمەدا حزب ،کە تەنیا حزبی نوێنەری چینی کرێکارە و بەو پێیەش کە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ چینی کرێکاردا نیە، خۆی دەبێتە نوێنەری ئەم چینە ئیتر دەکەوێتە ناکۆکی لەگەڵ شوورادا ئەگەر شوراش ببێتە نوێنەری چینەکە.

ئەم دوو نوێنەرایەتیە نابێ و دەبێ لایەک نوێنەر و دەسەڵاتداربێ. یاخود دەبێ لە شورادا جگە لە حزبی بەلشەفی هیچ نوێنەرێکی تر نەبێ. یاخود دەبێ لە کۆتاییدا نوێنەری شورا لەژێر دەسەڵاتی حزبدا بێ و نوێنەرێ ناحزبیەکان دەسەڵاتیان نەبێ تاکو بتوانرێ نوێنەرایەتی حزب و دیکتاتۆریەتی حزب هەمان شت بن ،وە دیکتاتۆریەتی حزب ناکۆک نەبێ بەو نوێنەرانەی شورا کە دژبەحزبی بەلشەفین یان ناکۆکن لەگەڵیدا. چونکە ئەگەر لە شوراکاندا نوێنەرانی حزب قبوڵ نەکران ئەوکاتە چی لە دیکتاتۆریەتی حزب و تێری نوێنەرایەتی وجێنشینی حزب لە جێگای چینی کرێکار دێت؟ ئەمە ئەو کێشەیە بوو کە سیستەمی سیاسی بەلشەفیکی لەگەڵ سیستەمی شورایی و نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆی کرێکاران و جوتیاران و سەربازاندا هەیبوو. بەیاربوو سیستەمی بەلشەفی سیستەمی سیاسی سەرمایەداری هەڵوەشێنێتەوە و لە جێگای دەزگای نوێنەرایەتی کۆمینە دەزگای ئیداری کۆمەڵگە بشێوەیەک بێت کە هەموو بشداربن تیایدا و کاروباری دەوڵەت ببێتە کارێکی ئیداری ناسیاسی کە هەموو هاوڵاتیەک بتوانێ بشداری تێدابکا نەک ببێتە ئیمتیازی حزبێکی سیاسی دیاریکراو کە دەسەڵاتی کۆمایەتی خۆی بەناوی نوێنەرایەتی چینێکەوە بسەپێنێ. حزبی کرێکاری ئەو قوتابخانەیەیە کە کرێکاران تیایدا فێردەبن کە چۆن خەیان ئیدارەی کۆمەڵگە بگرنە دەست کە چیتر هەیکانی بەرهەمهێنان بەدەست کۆمایەتیەکەوە نەبێ کە بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی زۆربەی کۆمەڵگە بکاتە کۆیلەی کرێ. ئەم حزبە لەکاتی گرتنە دەست دەسەڵاتی سیاسیدا جیاوازی بنەڕەتی خۆی لە بورژوازی وەک کۆمینەیەک بەوە نیشان دەدا کە دەسەڵات دەکاتە موڵکی گشتی و ئیگە بە پاوانکردنی دەسەڵات نادات لەلایەن کۆمینەیەکی حزبیەوە.
لەم پێناوشدا پێویستی بەفراوانکردنەوەی ئیزکانی حزب و ئیکخراوە کرێکاریە جماوەریەکان و ئەو دامودەزگایانەیە کە جماوەر لەڕێگایەوە ئیدارەی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگە دەگرنە دەست و پیویستیان بە بونی کۆمایەتی و نوخبەیەکی سیاسی نامێنە بە ئەوەی لە جێگای

ئەوان و بەناوی نوێنرایەتی ئەوانەوە حوکم بکا. ئەم پەی دەوترێت دیکتاتۆری چینێک واتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. ئەم ناوەرۆکی شۆڕشگێڕی سیاسی و کۆمەلایەتیە کە چینی کرێکار تیایدا دامودەزگاکانی نوێنرایەتی ناڕاستەوخۆی پشوو هەڵدەوشێنێتەوە و ئیدارەی ڕاستەخۆ و خەڵکەوەیی ڕاستەوخۆ دادەمەزرێنێ .
لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا کۆنگرەی شوراکان کە زۆرایەتی بەڵشەفیکان بوون گواستنەوەی دەسەڵاتی بە شورای کرێکاران و سەربازان و جوتیاران پەسەندکرد. سەرەتا حزبی بەڵشەفیک و باڵی چەپی سۆشیاڵ شۆڕشگێڕەکان حکومەتیان پێک هێنا و دواتر کۆنگرەی شوراکان ئەم نوێنرانەی بەڕەسمی ناسی . بەڵام دوای ئەم کاری شوراکان وەک دەسەڵاتی باڵا تەواو بوو و حکومەتی بەڵشەفیکان بوو دەسەڵاتی باڵا و شوراکان بونە جۆرێک لە پەرلەمان کە تەنیا جیاوازیان لەوەدا بوو کە لە خوارەوەش وەک ئۆرگانی لەکاڵی هەبون. ئیتر سیستەمی شورایی بوو بە هەمان سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەران و ئەم نوێنەرانەش لە سیستەمی دەسەڵاتداری حزبدا جێگەوەگۆیان دیاری دەکرا و لەژێر فەرمانی حزبدا بوون و نەک لە ژێر فەرمانی ئەو کەسانەی هەڵیان بژاردبون. بەم پێیە نوێنرانی شورا و شوراکان دەبونە دەزگایەکی شەرعیەتپێدانی دەسەڵاتدارێتی حزب و حزبیش بەپێی ئەوەی خۆی نوێنەری چینەکەیە دەیتوانی ئەم جێگای ئەم نوێنرانە لە دەسەڵاتدا دیاری بکا نەک نوێنرانی شورا جێگەی حزب لە دەسەڵاتدا دیاری بکەن. حزب وەک جێگرەوەی شورا و چینەکە خۆی بەیاری لەسەر هەموو شتێک دەدا بەپێی ئەو شەرعیەتەی کە تیری "دیکتاتۆری حزب هەمان دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە" پێی دابوو.

بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە لە شۆڕشی چینەکەوە بەرەو دەسەڵاتی تاک هەوانەی حزبێک، لە پرسەیەکدا جیاجیکرا و کارەکی یەکسەر و کتوپڕ نەبوو. گۆڕان لەوەی شورای چەکداری کرێکاری و سەربازی و جوتیاری هەبوو و وەک کۆمیتەکانی کارگە و مانگرتنی کرێکاران و فراکسیۆنی ناو حزب و ناڕەزایەتی سەندیکا کرێکارییەکان بەدژی ئەم تیرەیەی کورتکردنەوەی دەسەڵات لەدەستی نوخبەیەکی حزبیدا بە پرسەیەکی ململانێی سیاسی و فکری و سەرکوتی ئازادیەکاندا تێپەڕی. لێرەدا چەند نمونە لەم ململانێ و کێشمەکێشە لە سەقیەت و ناو حزبی بەڵشەفیدا دەنینەوە. سەرەتا ئازار لەکسبەرگ لە ساڵی ١٩١٨یشدا وەڵامی ئەم تێزەی جێنشینیەی حزب و دیکتاتۆری حزب لە جێگای دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا و پێوەندی سۆشیالیزم بە ئازادیە سیاسیکانەوە بەم شێوەیە دەداتەوە لە وتاری شۆڕشی ڕوسیادا دەڵێ: (پەڕگرافی ١،٢و٣ ئاخر)2

شتێک هەیە (سۆشیالیزم) سیاسیە لە کاراکتەردا، هەمان شت ئابوری و ژیانی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە. هەموو جەماوەر دەبێ بۆشداری بکا. ئەگینا سۆشیالیزم دەبێتە بەیاردەرکردن لە پشتی چەند مرزکی ناسمیەوە لەلایەن دەرزانێک ونا‌کبیرەوە. لینین . بەتەواوەتی بەهەق مانای شتەکان جیاجیا دەکا. بەیار، هەزی دیکتاتۆری چاودێری کارگەر، سزای وەحشیانە، حوکمڕانی لەسێدارەوە- هەمو ئەم شتانە تەنیا ئازارشکێنن. تەنیا ڕێگایەک بۆ لەدایکبوونکی سەرلەنوێ قوتابخانەی ژیانی گشتی خەڵاتی، بۆ سەنورترینە، فراوانترین دیموکراسی و ئازای گشتی. حوکمڕانی بۆ تیرۆر تێکدانی نەوشتە.

بۆیە هەڵبژاردنی گشتی، بۆیە ئازادی ڕۆژنامەگەری و کۆبونەوەی ڕیگە لە نێگیراو، بۆیە ئازادی ڕادەربڕین، ژیان دەمرێ لە هەموو دامەزراوەیەکی گشتیدا، ئەبێتە هۆکەشکی هوت، لەوێدا تەنیا بیرۆکراسی وەک توخمکی چالاک دەمێنێتەوە. ژیانی گشتی بشەوێکی پڵەبەپڵە خاوی لێدەکەوێ، چەند دەرزانێک سەرکردەی حزب کە توانایەکی نێگەڵ و تاجروبای بەرتەسکیان هەیە بەیەودەبێن و فەرمانڕەوایەتی دەکەن. لە نەویاندا ، لەڕاستیدا تەنیا یەک دەستە سەروکەڵیان دیارە کە لیدەری دەکەن و نوخبەیەکیش لە چینی کرێکار بانگێشت دەکرێن جاربەجارێک بە کۆبونەوەکان کە لەوێن بە چەپڵەدان بە وتاردانەکانی لیدەرەکان، بە سەلماندنی ئەو بیارە پشنیارکراوانە بە شیوەیەکی نادیار- لە خوارەوە، ئیتر، کۆمەڵە مەسەلەیەک- دیکتاتۆریەتێک، ئەبێ دنیا بکرێتەوە، نەک دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەڵکو تەنیا دیکتاتۆریەتی دەستەیەکی سیاسی،ئەمە دیکتاتۆریەتە بەمانایەکی بورژوازی.”
بگومان لەگەڵ ئەم قسانەی ڕۆزادا لە ناو حزبی کرێکاری بەلشەفی ڕوسیادا فراکسیونی جەراوجەر هەمان ڕێخنەیان لە مەدیلی سیاسی حزب و دەوڵەتی بەلشەفی هەبوو و دیانویست کە وەڵام بەم لادانانەی حزب بگرن لەوەی لە حزبێکی کرێکاریەوە بەرەو حزبێکی بورژوازی هەنگاوبنێ.
ئەلیکساندرا کەلەنتای لەساڵی ۱۹۲۱ دا لە گروپی” ئۆپۆزسیونی کرێکاری” ناو حزبی بەلشەفی لە وتاری ” دەربارەی بیرۆکراسی و خود-چالاکی (Self-activity) جەماوەری”دا دەڵێ؛” ئەمە ئازادی نادەین بە چالاکی چینایەتی، ئەمە لە ڕێخنە دەترسین، ئەمە وازمان هێناوە لەپشت بەستن بجەماوەر: هەربۆیە ئەمە بیرۆکراسیمان لەگەڵدایە.” تەنانەت دەوری شوراکان و هەڵبژاردنی شورایيش نامێنێ و لە جێگایدا دەست نیشانکردنی پست لەلایەن حزبەوە جێگای دەگرێتەوە و لەڕەدا کەلەنتای هاوار دەکا” دەستنیشانکردن تەنیا وەک کارێکی دەگمەن

ێگۆ پەدراوە. بەم دواییانە ئەمە ئاشکرابوو وەک یاسایەک. دەستنیشانکردن کارەکتەری بیرەکراسیە، وە ئەستا گشتی کراوە، یاسایی کراوە و باش – ێکخراوە کە ڕەزانە دەردەکەوە." *3
تراتسکیش لە کتێبی" شۆڕشی خیانەتلێکراو" ئەم واقعیەتەی کە لەنۆو شوراکان و لەنیو حزبیشدا چینی کرێکار و حزب و فراکسیۆنە کرێکاری و جوتیارێکان سەرکوت کران و قەدەغەکران باس دەکا و دەڵێ؛" حزب لەسەرەتادا دەیویست کە ئازادی ململانێی سیاسی لە چوارچیوەی شوراکاندا بپارێزێ. بەڵام شێوەی ناوخۆ لەدانێکی کوشندەی دا لەم ویستە، حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان، یەک بەدوای ئەوی تردا قەدەغەکران، وە سەرکردەکانی بەلشەفی ئەم ڕێکارانەی دژی ئایدیای دیموکراسی شورایی بوو وەک پێویستیەکی کاتی بۆ بەرگری دەبینیەوە، نەک بەیارێکی مەبدەئی.دواتر کاتێ ئاپۆزیسیۆنی کروتشتادت بوو کە ژمارێیەکی تاڕادەیەک باشی بەلشەفیەکانیشی لەگەڵ بوو، کۆنگرەی دەیەمی حزب بەیاری هەوشانەوەی فراکسیۆنی دا..تیوریەکی تریش لەپاڵ "تیۆری سۆشیالیزم لە تەنیا وەاتەکدا" داێژرا، تیۆریەکی تر بۆ قازانجی بیرەکراسی، ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی هەموو شتەکێ بە بەلشەفیەکان ، بەڵام حزب هیچ نیە." *4
ئەم سێ نمونانەی ڕەزا و کەڵەنتای و تراتسکی لە شاهیدەکانی مەیلی سیاسی دەوڵەتی بەلشەفی نیشانمان دەدا کە چۆن دیکتاتۆریەتی حزبی ناکۆکە بەو تێوانینانەی مارکس و ئەنگلس ،کە لینین خۆی لە کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش"دا لەسەر دەوڵەتی کرێکاری هێناویەتی. لەوێدا ئینگلس دەڵێ" یەکەم هەنگاو کە دەوڵەت بەڕاستی وەک نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگە دەستی بەدەبات ، واتە دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەناوی کۆمەڵگەوە، لە هەمان کاتدا دوایین هەنگاوی ڕاستەوخۆی ئەوە وەک دەوڵەت."5 دەوڵەتی بەلشەفی دوای گۆڕینی موڵکایەتی سەرمایەداران و خاوەن زەوی گەورەکان بە موڵکی دەوڵەت بەپێچەوانەوە لەسەرجەم بوارەکانی سیاسی ، ئابووری و فەرهەنگیدا ڕۆڵی تایبەتی دەوڵەتی زیادکرد. لە کاتی دەستاتدا ئەمە لەبەردەم حزبداین لە گۆشەکردوترین ئاستی خۆیدا ،ئەویش گۆڕینی حزبە بە دەزگای دەوڵەت. بەڵام چ دەوڵەتێک؟ ئایا دەوڵەتێک کە تەنیا بەشێکی چینی کرێکار بەناوی هەموو چینەکەوە حوکم دەکا؟ بێگومان نەخێر. چونکە فەلسەفەی کۆمۆنیستەکان لە دەستاتی سیاسی وەک مانیفیستی کۆمۆنیست دەریدەبڕێ بریتیە لە " گرتنی دەستاتی سیاسیە لەلایەن چینی کرێکارەوە". 6
لێرەدایە کە حزب دەبێ ێگا بکاتەوە کە لەم خەباتە سیاسیەدا دژی بورژوازی هەموو چینی کرێکار و بە هەموو حزبەکانیەوە بەشداری بکەن و دەسەڵات بدەستەوە بگرن. بەلشەفیەکان لە پێش ئۆکتۆبەر ئەم

دروشمەیان بەرزکردەوە کە " هەموو دەسەلات بە شوراکان"، بەڵام تیۆری دیکتاتۆری حزبی لە جێگای دیکتاتۆری پرۆلیتاریا خودی ئەم دروشمەی پشێلکرد. لە کۆنگرەی یەکەمی شورکاندا دەبینین کە لە ژمارەی دەنگەکاندا ؛ سەرۆک شارەزایان زەرینەن ، مەنشەفیەکان دوای ئەوان دێن و بەلشەفیەکان کەمینەن. بە کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر و چونە سەری وشیاری و چالاکی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و جوتیاران دژی حکومەتی بورژوازی کرنسکی، لە کۆنگرەی دووەمی شوراکاندا دەنگی بەلشەفیەکان دەبێتە زەرینە (٣٩٩ لە کۆی ٦٤٩)* 7
بەڵام ساڵێک دوای دیکتاتۆریەتی حزبی لە کۆنگرەی شوراکاندا لە کۆتایی ١٩١٨ ڕێژەی دەنگی نوێنەرانی بەلشەفی دەبێتە زەرەبەی ڕەها لەبەرئەوەی پرسەی یەکلابوونەوەی دەسەلاتی ڕەها بە پەی دیکتاتۆریەتی حزبی هەرچی حزب و ڕێکخراوەی تر کە لەشوراکاندا بوون لە گۆڕەپانی سیاسی کردە دەرەوە. بەم پێیە شوراکانیش بونە پاشکۆی حزب لە جیاتی ئەوەی حزب لەگەڵ شوراکان و کۆمیتە کرێکاریەکان و سندیکا و حزبە کرێکاریەکانی تردا نمونە و مۆدێلێکی سیاسی نوێ لە کۆمەڵگەی سیاسی و مەدەنی دروست بکا، حزب بوە قاڵبێک کە هەموو چالاکیەکی سیاسی چینەکەی تەدا بەرتەسک کرایەوە. ئەمەش نیشانەی جیابونەوەی حزبی بەلشەفی لە چینی کرێکار و شۆڕشی کرێکاران دروستکرد.
لینین و بەلشەفیەکان نێک بەهەزی حزبی بەکو بە هەی لە ئارادابونی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار کە سێ شۆڕشی دژی قەیسەریەت و بورژوازی ڕوسیا کرد توانیان دەسەلات بگرن. کۆمیتە کرێکارەکانی کارگە و شورای جوتیاران و سەربازان دەوڵەتی بورژوازیان ئیفلیج کرد ، ئەمانە ئەو بەگانە بوون کە لای لینین جێگای جێختکردنەوەبون بە ئەوەی بیسەلمێنە کە بەلشەفیەکان دەتوانن سەرکەوتوبن و لە دەسەلاتدا بمێننەوە.8 بەڵام لە پاش شۆڕش حزب لە جیاتی بەهەزکردنی ئەم ئۆرگانانە کوتە جێگرتنەوەی ئەم ئۆرگانانە بە کەسانی حزب کە لەسەرەوە دیاری دەکران و مەکتەبی سیاسی حزب بوە هەمکاری دەوڵەتی سۆڤیەت.

لینین خەی شاهیدی ئەم دەخێیە کە باسی سەرهەڵدانی بیرکراتیزم وەک دیاردەیەک لە ١٩١٩وە دەکا و دواتر ١٩٢١ دەڵێ بیرکراتیزم "بەشەویەکی ڕەشنتر و ترسناکتر دەردەکەوە". "دەزگای مەرکەزی دەوڵەتی ئەمە لە ماوەی ٣ساڵ و نیوی ڕابردودا چوتە قەناغێکی واوەکە ئیتر شەوەی چەقینکەی زیانبەخشی' بیرکراتی' بەخۆوە گرتوە". "بە خەباتی سەرکەوتوانە دژی بیرکراتیزم و وبە سەرکەوتن بەسەر ئەو چەقینە زیانبەخشەدادبە هەزی نوێ لە خوارەوە بهێنین." 9 بەڵام "ئەمە بەهیچ شیوەیەک و بەهیچ شیوەیەک لە هەنانە پێشی

سیستماتیک و پەیگیری هەزکانی خوارەوە بە سەرەوە کارناکەین.”*10.
ئەو دۆخە بنەمایەکی تری ئابووری ئەم دیاردەیە دەخاتەڕوو کە ژنان بەتایبەتی لە ئەمدا بریتیە لە ‘پڕژووبڵاوی بەرهەمهێنەرانی بچوک، هەژاری، بێ فەرهەنگی، نەخوێندەواری، نەبوونی ئاوگۆڕ لە نێوان کشتوکاڵ و پیشەسازی و نەبوونی پێوەندی لەنێوان ئەم دوانە و کاریگەریان لەسەریەکتر.”بەڵام ئینکاری لەوە دەکا کە بیرکراتی لەناو دەزگای سەربازی و دادوەری و ئەوانی تردا هەبێ، هەرچەند لەو دەزگایانەدا هەن کە ئیدارەی سوپا دەکەن! *11
لە ئاستی حزبیشدا باسی ئەم بیرکراتیزمە بەشێوەیەکی ئاستوخ ناکرێ لەلای لینینەوە، بەڵکو تەنیا ئاماژە بەو دیاردانە دەدا کە خەی نیشانەی ئەم بیرکراتیزمەیە و دەڵێ “لەنیوان حزب و دەزگاکانی سۆڤیەتدا شێوازێکی ناتەندروست هاتۆتەئارا..هەموو شتێکی وەزارەتکان دەبرێتە مەکتەبی سیاسی.پیویستە وەزارەتکان بەرپرسی کاری خۆیان بن و وانەبێ کەیەکەم بچنە بە وەزارەتکان و دواتر بە مەکتەبی سیاسی.دەبێ ئەتۆریتەی شورای وەزارەتکانی وەک ببرێتەسەر.”*12
کێشەکە بیرکراتیەت بەهەی تەنیا شێوەی بەرهەمهێنانی بچوکەوە نیە بەڵکو بەپێی ئەم قسانەی سەرەوەی لینین ،لەوکاتەدا کە سەرمایەداری دەوڵەتی ، واتە بەرهەمهێنانی پیشەسازی گەورە،دەبێتە سیاسەتی حزب ئەم دیاردەی بیرکراتیەتە لەڕووتی گۆشکردنیدایە چ لەناو حزب و چ لەدەوڵەتدا.
ئەم مەیلەی دیکتاتۆری حزبی کە خەی سەرچاوەی بیرکراتیزمە زەرووناکەکی لەگەڵ ئەو قسانەی لینیندا پەیدا دەکا کە لە کتێبی “دەوڵەت و شۆڕش”دا لە٦ خاڵدا دەیوت ” شوراکان نمونەیەکی نوێن لە دەوڵەت کە دەزگای کۆنی دەوڵەت تێک دەشکێنن و دەزگایەکی نوێی دوور لە بیرکراتی دروست دەکەن.” * 13
تڕتسکی دوای دەرکردنی لە دەسەڵات لەلایەن ستالینەوە لەباسی ئەم پرسەیەدا بە ئاشکاوانە دەڵێ” قەدەغەکردنی حزبە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆن گەیشت بە قەدەغەکردنی چالاکی فراکسیۆنی. قەدەغەی فراکسیۆنی گەیشت بە قەدەغەکردنی بەچونی ناڕازی بە ئایدیۆلۆژیەک کە هەڵە ناکا. دەسەڵاتی پۆلیسی و بە ئاقیبی حزب بوە هەی پاراستنی دەزگای ئیداری و ئەمنی تا سەرکوت و گۆندبەندیکی تەواوبرد.” *14
ئەم مەدەلەی دیکتاتۆریەتی حزبی بەڵشەفی لە ژیانی سیاسی دەوڵەت و کۆمەڵگای ئوسیادا پرسیارکی لە پشتڵکردنی ئازادیە سیاسیەکان دروستکرد کە نەک بورژوازی بەڵکو ناو چینی کرێکار و حزبی بەڵشەفی کرێکارانیشی گرتەوە. شوراکانیش کە بنەمای بەدەسەڵات گەیشتنی بەڵشەفیکان بوو لە کۆتایی ئەم پرسیارەدا وەک تڕتسکی دەڵێ؛”

شوراکان جگای خیان چەکرد بە دامودەزگایەکی بیرکراتی سەربەخۆ لە جەماوەر." *15
حزب کە دەبوایە لەپێگەی گرتنە دەستی دەسەاتی سیاسیەوە جگە لە تێکشکاندنی بەرگری سەربازی بورژوازی ئەرکی تری سیاسی نەبوایە. بەوپێیەی ئینگلس دەیوت " کاتێک بەشی سەرەکی ئەرکەکانی دەوڵەت دەبە بەحسابکردن و چاودێری لایەن کریکاران خیانەوە، لەکاتدا دەوڵەت ئیتر "دەوڵەتی سیاسی" نامێنێ، لەوکاتەوە " ئەرکە گشتیەکان لە ئەرکی سیاسیەوە دەگۆڕێن بە تەنها ئەرکی بەڕێوەبردنی ووت." * 16
ئەم پرسیەکی شۆشگێڕانەیە بە بزگاربون لە دەست دەوڵەتی بیرکراتی .واتە یەکخستنی چینی کرێکار و کەمێگە بە گۆڕینی بنەماکانی بەڕێوەبردن لە دەوڵەتی سەرمایەداری بە فەرمی بیرکراتی و سەربازیەکیەوە بە فەرمی خەبەڕێوەبردنی ئیداری بەبەشداری هەموو هاوڵاتیان. واتە هەوڵشاندنەوەی هەموو دەزگای بیرکراتی کۆمینە و هەوڵشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەتی سەرمایەداران و دەزگایەکی سەرکوت کە ئەم موڵکایەتیە دەپارێزێ و گشتی کردنەوەی هەیکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە. ئەم واتە هەوڵشانەوەی حزبیش لەنەو ئەو دەزگا ئیداریانەدا کە ئیتر مەرکی سیاسیان پێوانیە و هەموو هاوڵاتیان بەبە جیاوازی تیایدا بەشدارن وەک تەکی کەمایەتی بە دابینکردنی پێداویستیە لەکاتی و سەراسەریکان.
بەڵآم بەپێچەوانەوە وەک دەبینین لە دەوڵەتی سۆڤیەتدا "دەوڵەتی سیاسی" تەخ دەبەتەوە وەک بەشێک لە مەدیلی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و "دەوڵەتی ناسیاسی" لەهیچ شوێنکی سۆڤیەتدا دەرناکەوە چونکە حزب جگای هەموو ئەرگانە ئیداریکانی چینەکەی گرتەوە و کردنی بە ئەرگانی حزبی و کرانە پاشکەی حزب.
ئەم چەکردنەوەی دەسەاتە لەدەست یەک حزب و یەک ابەری و دواتر یەک کەسدا مەدلەکی سیاسی سۆشیالیزمی دەوڵەتی دروستکرد کە گونجاو بوو لەگەڵ مەدیلی ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتیدا. دواتر ئەمە دەینە سەر ئەم مەدلە ئابوریە بەنام گرنگە سەرتا باسێک لە دەوری ئەم مەدیلە سیاسیەی حزب لە دەسەاتدا بکەین کە چۆن بوە هەی چەنیەتی گەانی حزبی بەلشەفی لە حزبی کرێکاران و شۆشی سۆشیالیستیەوە بەرەو حزبێکی بیرکراتی و بەڕێوەبەری سەرمایەداری دەوڵەتی.

سەرچاوەکان:
*1 لینین ، نەخشی چەپەوی منانە لە کۆمنیزمدا

https://www.marxists.org/arabic/archive/lenin/1920-lwc/05.htm
2* ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ ، شۆڕشی ڕوسیا، بۆچی شۆڕشی دیکتاتۆرشیپی،١٩١٨
https://www.marxists.org/archive/luxemburg/1918/russian-revolution/ch06.htm
٣* ئۆلۆکسانەدرا کۆلۆنتای، سەبارەت بە بیرۆکراسی و خودچالاکی جەماوەر،١٩٢١
The Workers Opposition, Alexandra Kollontai 1921،On Bureaucracy & Self-activity of The Masses
https://marxists.catbull.com/archive/kollonta/1921/workers-opposition/ch03.htm
4* تڕۆتسکی،کتێبی "شۆڕشی خیانەتلێکراو
https://www.marxists.org/arabic/archive/trotsky/1936-rb/ch05."
htm
5* دولت و انقلاب ، فارسی ل ٥٢٢، هەڵبژاردەی نوێنەرانی لینین.
6*
https://www.marxists.org/archive/marx/works/1848/communist-manifesto/ch02.htm
7* ل ٦، ئی هیچ کار، شۆڕشی ڕوسیە، لە لینینەوە تا ستالین بە ئینگلیزی
8* لینین،٢٧٨ ، ئایا بەلشەفیکان دەتوانن دەسەڵاتیان بپارێزن؟ بەرگی ٧ هەڵبژاردەی لینین ، چاپی دارالتقدم، مەسکۆ.
9* لینین، دەربارەی باجی کۆلوپۆل ، ل ٨٠٩، فارسی، منتخب اثار.
10* لینین، دەربارەی باجی کۆلوپۆل ، ل ٨٠٩، فارسی، منتخب اثار.
11* لینین،ڕاپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرەی ١١ی حزب، ل٨٥٠ ،فارسی، منتخب اثار.
12* لینین دەربارەی دۆر و ئەرکی سەندیکاکان لە سیاسەتی ئابوری نوێ دا، ل ٨٢٨، فارسی، منتخب اثار.
13* ٢٧٧، ئایا بەلشەفیکان دەتوانن دەسەڵاتیان بپارێزن؟ ،بەرگی ٧ هەڵبژاردەی لینین ، چاپی دارالتقدم، مەسکۆ.
14* ئارنست ماندل، دەربارەی خۆیکخستنی چینی کرێکار لەگەڵ حزبی پێشەنـــــــ

ئەنیمێشـــــــــن ســـەراپای سینەمای جیهان داگیر دەکات … حەیدەرعەبدولڵەحمان

لەو ماوەیەداو لەسینەمای کوردیش دا خەریکە ناوە ناوە فیلمی ئەنیمێشن دەردەکەوێت و چەند دەرهێنەرێکی ئێمە بەرژەیەکی کەم بەفیلمی ئەنیمێشن بەشداری لەفیستیڤاڵە سینەماییەکاندا دەکەن، بێ یەکەم جاریش لەکوردستاندا لەو رۆژانە فیستیڤاڵێکی تایبەت بەفیلمی ئەنیمێشن ساز کرا ..
لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە فیلمانە سەدەیەك دەبێت لە جیهاندا سەری هەڵداوەو تازە دەگاتە کوردستان، رەنگە زۆر لە بینەرانی ئێمە ئاشنای نەبووبن، بۆیە لەو ماوەیەدا چەند برادەرێك دەربارەی ئەو جۆرە فیلمە پرسیاریان لێ کردم، یەکێ لەپرسیارەکانیش ئەوەبوو ئایا فیلمی ئەنیمێشن چ جیاوازییەکی لەگەڵ فیلمی کارتۆن هەیە؟ جیاوازییەکان چین ؟ منیش کورتەی وەڵامەکانم خستە توێی ئەو وتارە دەربارەی فیلمی ئەنیمێشن .
(ئەنمی ــ وشەیەکی ژاپۆنیە و کورت کراوەی وشەی ئەنیمێشنی ئینگلیزیە، نازناوێکە تایبەت بەوێنەی جولاوی ژاپۆنی، ناوێکی تریشی هەیە (Japanimation بەڵام زۆرینەی خەڵکی بایەخ بەوەیان نادا، بەڵکو نازناوی ئەنیمێشن باوترین نازناوە بۆ ئەم جۆرە فیلمانە .

یەکەم فیلمی بازرگانی (ئەنمی) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1917، لە دەرهێنانی ئێسامۆی دەرهێنەری ژاپۆنی، دواتر هەر ئەو دەرهێنەرە پەرەی بە فۆرمی (دیزنی) دا و چەند فیلمێکی بەخەرجیەکی کەمتر لە جاران بەبەرهەم هێنا.
لەساڵانی شەستەکاندا بەهۆی کارەکانی دەرهێنەر(ئێسامۆ تیزیکا) ئەو جۆرە فیلمانە زیاتر گەشەیان سەند، تا لەسەدەی بیست و یەکەم دا فیلمی ئەنیمێشن بوو بەهونەرێکی جیهانیی، لە رێگەی بڵاو بوونەوەی ئەو فیلمانە لەتەلەفزیۆن و سینەما، یاخود لەشێوەی بڵاو کردنەوەی دی ڤی دی و بلو رای،یاخود نمایش کردنیان لە ئینتەرنێت.
ئێستا زۆتر لە 430ستۆدیۆ ی بەرهەم هێنانی فیلمی ئەنیمێشن هەیە، دیارترینیان ستۆدیۆی (گیبلی و توی ئەنیمێشنن) بەڵام ژاپۆن خاوەنی

گەورەترین سەرچاوەی داهاتی فیلمی ئەنیمەشنە لەجیهاندا، بە تایبەت دوای دەرکەوتنی زنجیرە ئەنیمەشنی تەلەفزیۆنی و دەبلەجە کردنیان بۆ چەندین زمانی جیهانیی، ئەوەتا ساڵی 2001 فیلمی (فەندراو) لە دەرهێنانی(هایاو میازاکی) گەورەترین داهاتی بە دەست هێنا لەمژووی سینەمای ژاپۆنی کە داهاتەکەی لەداهاتی فیلمی تایتانیکی تێپەڕاند، ئێستا وای لێهاتووە لە کێی گشتی فیلمە ژاپۆنیەکاندا سەدا چلی فیلمی ئەنیمەشنە.
یەکێك لە فاکتەرە هەرە سەرەکییەکانی دەرهێنانی فیلمی ئەنیمەشن، ئەو رووبەروو بوونەوەیەی نێوان ئەمریکاو ژاپۆن بوو، بۆ دەرخستنی باشترین شێوازی بەرهەم هێنانی فیلم، جاران کە ئەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیای بەرهەم هێنان نەبوون و ژمارەو ئاستی ئەو فیلمانە وەك ئێستا نەبوون، باشترین و ناودارترین کۆمپانیا کۆمپانیای (دیزنی) بوو، کە تایبەت بوو تەنها بۆ بەرهەم هێنانی فیلمی کارتۆنی منداڵان، وەك فیلمی ئەنیمەشن نەبوو کە ئێستاکە هیچ سنوورێکی نیە بۆ تەمەن و هەموو کەسێك لەهەموو تەمەنێکا دەگرێتەوەو چێتە نێو چوارچیوەیەکی نێو دەوڵەتی ، وەك فیلمەکانی (بول و ناروتو، ون بیس، بلیتش، یاداشتی مردن و زۆرانی تر..
باوکی راستەقینەو داهێنەری ئەم جۆرە فیلمە نووسەرو دەرهێنەری ناسراو(ئوسامو بیتزیکا) یە، کە ساڵی 1998 ماڵئاوایی لە دنیادا کردووە، دیارترین بەرهەمەکانی فیلمی(شەری سپی) یە، کە فۆرمی کارکردنی جۆرە تایبەتمەندییەکی هەیە جیاوازە لە گەڵ فۆرمی دەرهێنەرەکانی تر.

پیشەسازی فیلمی ئەنیمەشن :

پیشەسازی دروست کردنی فیلمی ئەنیمەشن لەهەموو بوارە هونەرییەکانیدا جیاوازی تایبەتی خۆی هەیە و هونەرێکی سەربەخۆیە، ئەگەرچی لەرەچەڵەکدا و لە بیرکەی دروست کردنی دا سوودێکی زۆری لە فیلمی کارتۆنی وەرگرتووە، بەڵام بەپێی پێشووەچوونی تەکنەلۆژیاو گۆڕانکارییەکانی سەردەم و خواستەکانی پێشکەوتنی نوێ ی بەخۆیەوە بینیووە و تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە، بۆ نموونە سیناریۆ نووسی ئەنیمەشن پێویستی بەکەسانی پسپۆر هەیە بۆ داڕشتنی سیناریۆ، دوای ئامادە کردنی سیناریۆ دەست دەکرێت بە ئامادەکردنی وێنەکان، کە رەگەزێکی گرنگی فیلمەکەیەو لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە ئەنجام دەدرێت کە تایبەتن بەدروست کردنی فیلمی ئەنیمەشن، وەك کۆمپانیای بایۆنیر و تەلەفزیۆنی تۆکیۆ لە ژاپۆن.ئێنجا وێنەکان دەگوازرێنەوە بۆ ئەو ستۆدیۆ تایبەتیانەی

وێنەکان دەکەن بە فیلمی ئەنیمێشن بە ئامادەبوونی ئەکتەرەکان.
کۆمپانیا بۆ بەرهەم هێنانی فیلمەکان پەنا بۆ چەندین دیزاینەری پسپۆر دەبا کە توانای دیزایین کردنی دیمەنەکانیان هەبێت و تەکنیککاری کارا بن لە بواری تەکنەلۆژیای دروست کردنی وێنە، ئینجا هونەرکارەکانی تری وەك دەنگ و کاریگەرییەکانی دەنگی دەخرێتە سەر بەهۆی کۆمەڵێ ئەکتەری بە توانا کە پسپۆرن لەبواری دەنگ بۆ فیلمی ئەنیمێشن .

جۆرەکانی ئەنیمێشن :

فیلمی ئەنیمێشن چەندین جۆری هەیە وەك :
فیلمی ئەکشن، فیلمی منداڵان، فیلمی کۆمیدی و تراژیدی، فیلمی سەرکێشی ترس و توندو تیژی، فانتزیا، ڕۆمانسی،چەندین شێوازی تر.

دەبلەجە کردنی فیلمەکان:

زۆرینەی فیلمەکانی ئەنیمێشن دەبلەجە دەکرێن بۆ چەندین زمانی جیهانی بۆ ئەوەی زۆرینەی گەلانی دنیا سوود لەو فیلمانە وەربگرن، کە ئێستا بۆتە مۆدەی سینەمای جیهانی، درك بەوە دەکرێت کە جاران زۆر لە گەنجەکان پێیان وابوو ئەو فیلمانە فیلمی کارتۆنن و تایبەت بە منداڵانن بۆ ئەوە ناشێن لە سینەمادا نمایش بکرێن، بەڵام دوا تر کە فیلمەکانیان بینی، بوون بەهەواداری ئەو فیلمانەو زۆژ لە دوای زۆژیش ژمارەی ئەو بینەرانە لە زیدە بوون دایە.
زۆر لەو فیلمە جیهانیانە دوای ئەوەی مافی دەبلەجە کردن وەردەگرن، لەلایەن چەندین کۆمپانیای تایبەت بە دەبلەجەی جیهانی کاری دەبلەجە کردنیان بۆ زمانە جیهانییەکان بۆ دەکرێت، لەوانەش کۆمپانیای مانجای ئەمریکی، کۆمپانیای ئایدی فیلم، بایۆنیری ئەمریکی، مانجای بەریتانی،
فیلمی ئەنیمێشن چ جیاوازییەکی لە گەڵ فیلمی کارتۆنی هەیە؟

ڕەنگە زۆر کەس زانیاری ئەوەی لا نەبێت کە جیاوازی نێوان فیلمی ئەنیمیشن و فیلمی کارتۆن چیە؟ ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەنیمێشن وشەیەکی ژاپۆنیەو بۆ ناساندنی وێنە جولاوەکان بەکارد، لە سەردەمی نوێ دا فیلمی ئەنبمێشن بۆتە خاوەنی ناوداریەتکی بەرفرەوان لە سینەمای جیهانیدا، زۆر لە فیلمە ئەنیمێشنە ناوداراە دەبلاژکراوەکانی وەك(عەدنان و لینە، سالی) و زۆرانی تر دەکرێ نازناوی ئەنیمێشنیان بۆ دابندرێ،
بەڵام نازناوی (فیلمی کارتۆن) لە ئەمریکاو زۆژئاوادا باوەو لە

رابـــووردووودا رەواجـــکـــی زۆری هەبـــووە، کـــۆنتریـــن و دیـــارترین بەرهەمەکانی فیلمی کارتـــۆن فیلمی(میکی مشك ـ توم جیری ـ کە لە کـــۆمپانیـــای والـــت دیزنـــی) بەناوبانـگ بەرهـــەم هـــاتوون و زۆرینـــەی منداڵانی جیهان هـــۆگری ئەو فیلمانە بوونە، تەنانەت ئەگەرچی هەندێ لەو فیلمانە بەهەموو زمانـــێك دەبلەجە نەکراون، بەڵام وێنەکان بەس بوونە بـــۆ ئەوەی منداڵان ببنە ئاشقی ئەو فیلمە کارتـــۆنیانە.
بەڵـــام ئـــەو پرســـیارەی کـــە لای زۆر لـــە خەڵکیـــە ئەوەیـــە ئـــاخۆ جیاوازییەکانی نـــێوان فیلمی ئەنیمیشن و فیلمی کارتـــۆن لە کوێ دایە؟
بـــۆگومان ئەو دوو هونەرە لە رەسەندا دەگەڕێنەوە سەر یەك رەچەڵەك و لە فۆرمدا نزیکیەکی زۆریان هەیە، بەڵام دواتر لە هەندێ رووەوە لـــێك جودا دەبنەوە، ئامانجیش لەو لـــێك جودا بوونەوەیە ئەوەیە کە ئەو هونەرە لە گەیاندنی ئامانجدا بەرفرەوانتر بکرێت و مەودایەکی دوور ترو قوڵتر بە خۆیەوە هەڵگرێ و لە سنووردکی دیاری کراودا گـــۆشەگیر نەکرێت .
بـــۆیە ئەمـــڕکە هەر یەك لەوان فۆرمـــکی تایبەتی خۆیان هەیە بـــۆ وێنە کـــۆشان، ئەوەتا ژاپـــنیەکان هەمیشە وێنەی چاو بەگەورەیی دەکـــێشن، هەوڵ دەدەن وێنەکان لە شـــێوەی واقیعی نزیك بکەنەوە، بە پـــێچەوانەی فیلمی کارتـــۆنی ئەمریکی کە هەوڵ دەدرێت وێنەکان بە شـــێوەیەکی هەزەلی بکـــێشرێن.
دووەم: کارتـــۆنی ئەمریکی بەتایبەت بـــۆ منداڵان بەرهەم دێت، بەڵام ئەنمیشنی ژاپـــنی چەندین شـــێوازی جۆراو جۆری دراما دەگرێتە خۆی، کە هەندێکیان تایبەتە بە گەورەکان و هەندێکی دیکەیان تایبەتە بە منداڵان، بەڵام بە گشتی وەك فیلمی کارتـــۆن هونەرێکی تەنها تایبەت نیە بـــۆ منداڵان .
زۆرینەی فیلمە ئەنمیشنەکان ـ باس لە واقیع دەکەن، وەك زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەك کاراکتەرەکان وچارەنووسییان بەسەر دەکەیتەوە، وەك ئەو رووداوانەی بە سەر مرۆڤ دادێن، بـــۆ نموونە لە کاتی رووداوەکانی ئاگر کەوتنەوە، تەقینەوە ، ئەنیمـــشن بە هەمان ئەو ئەنجامانە کـــۆتایی دێ کە بە سەر مرۆڤ دا دێت .
لە فیلمی کارتـــۆندا رووداوەکان شتـــکی ترن و بینەر دەخەنەوە ناو خەیـــاڵ و ئەفسانەو لەکـــاتی ئـــەو رووداوانـــەدا کاراکتەرەکـــانی پێدەکەنن، یا چارەنووسـکی خەیاڵیان پێ دەبەخشێت کە واقعی نەبن.
هەر بـــۆ نموونە لە رووداوەکانی (تـــۆم جیری) و (میکی ماوس) زۆر جاران لەناو ئاگر دەیانبینی پێدەکەنن و لە واقیع دوور دەکەونەوە، یان وێنەیەکی نالـــۆژیکی نیشانی بینەر دەدەن، کە بـــوات پێیان نەبـــۆ و دەچـــێتە پاڵ کـــۆمـــدیایەکی کارتـــۆنی.
ئەمریکیەکان کاری زۆریان لە بەرهەم هـــێنانی هەندێ فیلمی ئەنیمـــشن

کردووه، وەك ساندریلاو سنوایت و تەەزان و چەندینی تر، بەام زرینەیان دەچنەوە سەر فیلمی کارتۆن، بەپچەوانەی بەرهەمە ژاپنیەکان کە فیلمی ئەنیمشنن.
ئەمریکیەکان پیان وابووە کە ئەو فیلمە کارتۆنیانە تەنها بۆ کات بە سەر بردنن، بۆیە ئەو زنجیرە کارتۆنیانەیان پۆ کردووە لە دیمەنی کۆمدی بە تایبەت ئەو دیمەنە کۆمدیانەی سەرنجی منداان رادەکشن،، بەام ژاپنیەکان بە ئاراستەیەکی تردا رۆیشتوون لە بەرهەم هنانی فیلمی ئەنیمشن و لە چوارچیوەی تەنها کۆمدیا دەرچووە و کۆمەە ئامانجی دیکەی مرۆیی بە خۆیەوە هەگرتووە.
، خۆ ژاپنیەکان تا دێر زەمانەك توانای بەرهەم هنانی زنجیرەیان نەبووە، بەام بە هۆی ئەو پشکەوتنە گەورەیەی لە بواری تەکنەلۆژیادا بە دەستیان هناوە، توانیان بەهۆی فیلمی ئەنیمشن سەرکەوتنکی گەورە بەدەست بنن و سەرمایەکی زۆری ئابووریش بەهۆی ئەو فیلمانە بەدەست بنن.
ژاپن سینەمایەکی داهنا کە لەرووی ئابوور یییەوە، وەك سینەما پارەیەکی ئەوتۆی تۆ نەچ، بەام هونەرکی گەورە بیت و بازاکی باشی بۆ پەیدا بکات ، لەرووی خەرجی بەرهەم هنانیش پۆیستی بەو هەموو ئەکتەرو ئکسسوارات و کارە هونەرییانە نەبت کە سینەما دەیخوازۆ ، ئەم سیحرە تەکنەلۆژیایەی ژاپن بەشوەیەك کاری بۆ کراوە، کە بەئاسانی بتوانت ببتە ئەلتەرناتیف بۆ سینەمای داستانی و خۆ رزگار کردن لەخەرجیە زەبەللاحەکانی..بۆیە دەتوانین بنین فیلمی ئەنیمشن لە دایك بووی تەکنەلۆژیایەکی مدرنە، هاوکوف لەگەۆ پشکەوتنی عەولەمەو تەکنەلۆژیای سەردەمی نوێ.

لە بەر ئەوەی دەرکەوتووە کە فیلمی ئەنیمشن جگەی بایەخی گەلانەو بازاکی باشیشی هەیە ئستا لە سنووری ژاپن دەرچووەو زۆر لە وتانی جیهان توانیوویانە سوود لەو داهنانە نوێیەی سینەما وەرگرن و کاری لەسەر بکەن، دەرهنەرو بەرهەم هنەرانی سینەماو کۆمپانیا زەبەللاحەکانی سینەما بە تەنگ پەرەپدانی فیلمی ئەنیمشنن، بۆیە ئستاکە زۆربەی فیستیقاەکانو دەوەتیەکانی سینەما گشەی تایبەتیان لەو فیستیقاانە بۆ فیلمی ئەنیمشن تەرخان کردووەو خەاتی گران بەهای بۆ وەردەگیرۆ ، لەوانەش فیستیقاەی ئسکار، کان، کە سانە خەات بەفیلمە سەرکەوتوانە دەبەخشن کە سەرکەوتن بە دەست دنن.
هەروا چاوەوان دەکرت بەهۆی پەرە پدانی ئەنیمیشن ـ ئاوتە بوونۆ ئامر لەگەۆ نواندنی مرۆف دا هونەری ئەنیمشن زۆر لەوەندە زتر بەرەو پش ببات، وەك ئستا هەستی پۆ دەکرت، ئەوەتا

دیارترین گەورە ئەکتەرەکانی هۆلیۆد سەرقاڵی کار کردنن بە دەنگەکانیان لە فیلمی ئەنیمەشن، لەوانەش کان جونی،براد بیت، ئەنتۆنیۆ باندریاس،ئەنجلینا جولی، سەلما حایك و زۆرانی تر.
وەك ئەوەی چەندین دەرهێنەری گەورەی ناودار ی سینەما ئێستا رووبان لە دەرهێنانی فیلمی ئەنیمەشن کردووە، لەوانە:ستیڤن سبیلبریگ،کە لە یەکەم ئەزموونی دا221 ملیۆن دۆلاری بە دەست هێنا.

ئەنیمەشن لەکوردستاندا:

لە ماوەی ئەو چەند ساڵی دواییدا بەرهەمهێنانی فیلمی ئەنیمەشن بۆتە جێگەی بایەخی سینەماکارانی ئێمەش لە کوردستاندا، بەڵام چونکە هونەرەکە لای ئێمە تازە دە ناسرێت، هونەرەکە هەدەکەوێتەوە، چونکە کاری ئەنیمەشن تەنها لە سەر بوون و نەبوونی دەرهێنەرێك نەوەستاوە، بەڵکو پێویستە بنەماو رەگەزە گرنگەکانی دیکەی دروست کردنی ئەو پیشەسازییە دابین کرابێت لەوانەش سیناریۆو دیزاینی کارو دەنگ و هەموو پێداویستیەکانی تر .. رەنگە ئەوەش بۆ کەمەگایەك سەخت بێت کە لەبواری تەکنەلۆژیادا دەسەاتێکی دیاری کراوی هەبێت، بەڵام سازدانی فیستیڤاڵ ئەگەر رووکەشیش بێت، بۆ ئەوە باشە کە بینەری کوردو تەنانەت سینەماکارانی کوردیش ئاشنا بەو هونەرە بن کە خەریکە پانتاییەکی بەرفرەوان لە هونەری سینەمادا داگیر دەکات لە جیهاندا.

جۆر و شێوەکانی بووونی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەریدا (بەشی 9) … هەندێن خشناو

وێنەی کاریکاتێریی دەتوانێت لە ڕۆژنامەگەری خولاودا بە چەندین شێوەی جیاوازەوە بوونی هەبێت، بە گوێرەی ئامانجە دیاریکراوەکانی یان ئاماژە زۆرەکانی تێدا، لە نێو ئەو شێوانەشەوە دەتوانین باس لەم شێوانەی خوارەوە بکەین: 1- گۆشەی سەربەخۆ. 2- کاریکاتێری بەاوکراوە لە گۆشەیەکی ڕۆژنامەوانی تردا. 3- کاریکاتێری وەرگیراو لە ڕۆژنامەیەکی دیکە. 4- کاریکاتێری بەرگ لە گۆڤارەکاندا. 5- ئەو

کاریکاتێرەی دەبێتە سیمبولێك (لۆگۆ) بۆ بڕاوکراوەکە. 6- ئەو کاریکاتێرەی هاوشانە لەگەڵ ناونیشانی گۆشەیەکی دیاریکراودا. 7- چیرۆکە کاریکاتێر (کۆمیکس). 8- کاریکاتێری ئاوێتە (زنجیرە).

9- کاریکاتێر لە ڕۆکلامە بازرگانییەکاندا:

زۆرجار لە ڕۆژنامەکاندا ڕۆکلامی بازرگانی بۆ کەلوپەلی جیاواز بڕاوەکرێتەوە، بۆ بەدەستهێنانی داهاتی دارایی زیاتر، زۆربەی ئەو ڕۆکلامانەش وێنەی کاریکاتێری بەکاردێنن، کە کاریگەری خۆیان لەم بوارەدا سەلماندووە.
زۆربەی ئەو کاریکاتێرانەی لە ڕۆکلامە بازرگانییەکاندا بڕاوەکرێنەوە ناچنە قاڵبی هونەری شێوەکاری گاڵتەجاڕ، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوە بەکارهاتوون لەبەر توانایان لە ڕاکێشان و سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی، و زیندەگی بەخشین بە ڕۆکلامەکە و وا لە خوێنەر دەکات خۆی لێ لانەدات.
لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە ئاژانسەکانی ڕۆکلامکردن لە بابەتەکانیاندا ناوەڕۆکی گاڵتەجاڕی بەکاردێنن، و پاڵەوان بۆ ڕۆکلامە بازرگانییەکان دروست دەکەن، وەکو کارەکتەرەی کاریکاتێری (فایدۆ دایدۆ) کە لە ڕۆکلامە بازرگانییەکانی خواردنەوەی سۆفن ئەپ بەکاردێت، تا وایلۆهاتووە ئەم کاریکاتێرە تەنیا لە ڕۆکلامە ڕۆژنامەوانییەکاندا دەرناکەوێت، بەڵکو لە ڕۆکلامە تەلەڤزیۆنییەکانیشدا دەردەکەوێت، وێنەی کاریکاتێری بۆ مەبەستەکانی پروپاگەندەی بازرگانی تەنیا بە ڕۆکلام وازی نەهێنا، بەڵکو ئەوەشی بەزاند تا ببێتە سیمبولێك بۆ کاڵایەکی دیاریکراوی بازرگانی، وەکو پەنیری (لاڤاژ کیری – مانگا دەم بە پێکەنینەکە) بۆ نمونە، هەر ناوەکەی هەگری ناوەڕۆکی پێکەنیناویە، و زۆرکیش لە کەلوپەلی تری بازرگانی، بەتایبەتی خۆراکەکان.

10- کاریکاتێری تەلەڤزیۆنی:

کاریکاتێری تەلەڤزیۆنی جیاوازە لە فیلمە کارتۆنییەکان، ئەوەی کە مەبەستیشمانە لەژێر ئەم ناونیشانەوە، ئەو بەرنامە تایبەتانەن کە بوونەتە دیاردەیەك لە جیهانی تەلەڤزیۆندا لە ساڵانی هەشتاکانەوە، کە چەند بەرنامەیەك پەیدابوون وەکو (ڕووداوەکان بە کاریکاتێر) و (کەسایەتی ئەمڕۆ) و چەند هاوشێوەی تریشیان، کە کاریکاتێریستێك هەڵدەستێت بە کێشانی کاریکاتێرێك سەبارەت بە ڕووداوێکەوە یان وێناکردنی کەسایەتیەکەوە لەبەردەم هاوێنەی کامێراوە، ئەم شێوەشمان خستە لیستی شێوەکانی کاریکاتێرەوە، لەبەرنەبوونی هیچ

جیاوازییەك لەگەڵ ئەوەی لە ڕۆژنامەکاندا باوەڕکرێنەوە، و دەشێت بە باوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکانیشدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شێوەیە ناتوانێت شان لە شانی کاریکاتێری باوکراوە لە ڕۆژنامەکاندا بدات، چونکە کاتی پێویست دابین ناکات بۆ بینەران بۆ شیکردنەوەی کاریکاتێرەکە و هەڵهێنانی مەتەڵە شاردراوەکانی نێو کاریکاتێرەکە ئەگەر بوونیان هەبوو، خەسڵەتە ئەرێنیەکانیشی لەوەدا خۆیان دەبینەوە، کە سوودی فێرکاری و ڕۆشنکردنەوەی هەیە، و توانای بینینی هەنگاوەکانی دروستکردنی کاریکاتێرەکە بۆ بینەر دابین دەکات، چۆژتنی ئیستاتیکی گەشەپێدەدەن، هەروەها لایەنە ئەرێنیەکانی تری کاریکاتێر بە شێوەیەکی گشتی.

هەندرێن خۆشناو

کورتە ڕانانێک بۆ کتێبی(مەی لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە)ی کارزان کەیی … نووسینی : عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

کتێبی (مەی لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە) لە نووسینی توێژەر کارزان مستەفا سابیر عەتار (کارزان کەیی)یە و چاپی یەکەمی لە ٢٠١٩ بۆ ماوەتەوە، کتێبێکە دوای هەوە و ماندووبوونێکی زۆر نووسراوە. نووسەر زۆر بە وردی گەڕانێکی دوور و درێژی بۆ سەرچاوە و نووسراوەکانی بیرمەند و شارازایانی ئیسلامدا کردووە و ئارگیومێنتەکانی خۆی بۆ چەسپاندنی بۆچوونەکانی، هەر لەو نووسین و سەرچاوانەوە وەرگرتووە. بەواتایەکی تر کارزان کەیی نەهاتووە لەکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکانی خۆی بکاتە سەنگی مەحەک و سەکۆی ڕەتکردنەوەی ئوتزانی ئیسلام، لەسەر مەی و خواردنەوە، بەڵکو هاتووە ئیسلام خۆی چی وتووە ، ئەویش ئاوای باس کردووە. لەگەڵ چاپبوون و باوبوونەوەی ئەم توێژینەوە زانستییە، هەرشکەی بەرفراوان بۆ سەر ئەم کتێبە و نووسەرەکەی دەستی پێکرد چ لەلایەن

دەزگا و یەکێتیە فەرمیە ئیسلامیەکان یان لایەن ئیندیقیجوالە لەچەشنی مەلا و بانگخوازە ئیسلامیە دابەستیەکانی کوردستان کە جگە لە تاریکیی هیچ شتێک بە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بەخشیوا نابینن. ئیفلاسی ئەم هەزە هەشانە لەوەدایە هیچ ئارگیومێنتێکی زانستیان نیە تا بیخەنە ڕوو جگە لە ڕق و تووڕەیی، جگە لە سووکایەتی و بەدناوکردن، جگە لە هەوەدان بە ناشیرینکردنی نووسەر تان توژەر.

هەر لەم سەنگەیەوە ئەو هەزانەی کوردستان وەک ئەوەی زەمینەلەرزەیەکی فیکریی گەورە ڕووی دابێ، کەوتنە ڕەتکردنەوەی ئەو هەوە جوانە و تێکۆشان و هەوڵیاندا کاک کارزان کەیی بەدناو و کارەکەشی بە ئەرزش بکەن. ئەمە نە یەکەمجارە لە مێژووی ئەو هەزە تاریکانە و نە دواجاریش دەبێ کە سەرکوتی هەر دەنگێک بکەن کە دژ بە ڕەوتی کۆنەپەرستانەی خەیان هەڵهێنابێ. مێژووی ئایینی ئیسلام مێژوویەکە پڕ لە خوێن و کوشتن و بڕین و غەدر و سەرکوت و کەیلەیی و بەکورتی مێژووی ئایینی ئیسلام مێژوویەکی تاریکە کە هیچ ئینسانێک ناتوانێ شانازی بەو تاریکستانە بکات مەگەر تاریکبیرەکان نەبێت. ئیتر بەمجەرە بەاوبوونەوەی ئەم کتێبەی کاک کارزان کەیی بە ئیسلامی سیاسیی کوردستان وەک تەقینەوەی بورکانێک وایە و بە ئەرکی خەیان دەزانن بە ئەوەی ماهیەتی بەبەهاییان کەشف نەبێت، بەر بەم جەرە هەوڵانە بگرن. لەرەوە بە ئەمەی خوێنەر و ڕەخنەگر دەتوانین بایەخی ئەم کتێبە بەمجەرە ببینین :
یەک : ئەم کتێبە تەوژمێنەوەیەکی ناوازەیە و بە یەکەمجارە لە مێژووی نووسینی کوردیدا بەم ڕوونیی و ئاشکرایەوە دەخرێتە بەر دیدەی خوێنەری کوردزمان.
دوو : کتێبەکە بە هیچ زەر لەخەکردنێک لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی چڕ و هەمەلایەنە نووسراوە و لەزانانە پێنجەی خستەتە سەر خاڵە لاوازەکانی ئایینی ئیسلام لەهەمبەر خواردنەوە و ئاماژەکردن بە پێوەندی پێامبەر و نزیکترین ئەسحابەکانی ئیسلام و خلافەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئیسلام و ڕەتکردنەوەی ئەو درە گەورەیەی کە دراوە مەی حەرامە لە ئایینی ئیسلام.
سێ : تێزەکانی ئەم کتێبە لەنەوان پشتگیریی و دژایەتی کردنیدا لەلایەکەوە وەکچەن دار بە شارە زەردەواڵەدا بکەی ئاوا مەلا و بانگخوازی ئیسلامی هەنایە قسە و دژایەتیان کرد و فەتوای ناباجە و بەمانایان لەدژی کارزان کەیی دەکرد و لەلایەتی تریشەوە هەر خوێنەرێکی عەلمانی و پێشکەوتووخواز کتێبەکەی خوێندبێتەوە، پێشوازییەکی شایستەی لێکراوە.
چوار : ئارگیومێنتەکانی لە سەرچاوە و کتێبە بەواپێکراوەکانی ناو

خودی جیهانی ئیسلامەوە هەڵهێنجاوە و خستەتە ڕوو.
پێنج : بە ڕوونی و بە جوانی ئەیسەلمێنێ کە مەی لە ئایینی ئیسلامدا حەرام نەکراوە و لە هیچ دەقێکی قورئان و لە هیچ فەرموودەیەکی پێیامبەر یاساغ نەکراوە.
شەش : هێند بە متمانەوە توێژینەوەکەی ئەنجامداوە کە ئامادەیە بەرگری لە ئیجتیهادەکەی خۆی بکات
حەوت : وریایانە کتێبەکەی بەجۆرێک داڕشتووە کە لەگەڵ هێنانەوەی هەر ئایەت و فەرموودەیەک وێنەی فەرموودەکەی گرتووە و بە جوانترین شێوە تەرجەمەی کردووە و مەری خەشی لێداوە، تا ئیسلامی سیاسی نەتوانن هەڕەشی بکەنە سەر و دەستکاری نووسینەکەی بکەن و لە بەهای هەوڵەکەی بهێنن خوار.

هەشت : خوێنەر دەتوانێ ئەوە ببینێت کە کتێبەکە لە لاپەڕە ٢٧٠ کۆتایی هاتووە. بەڵێ دانانی بەشەکانی نەوان لاپەڕەکانی ٢٧٠ بە ٣٢٦ وەک زانیاری گشتی بە سوودن، بەڵام هیچ ئیزافەیەکیان نەخستەتە سەر توێژینەوەکە. نووسەر دەیتوانی ئەو باسانە کە پێ زانیارین و بەهای مەحریفیی خۆیان هەیە،وەکو پاشکۆیەک لە کۆتایی کتێبەکەوە دای بنایە، نەک وەک بەشێک لە توێژینەوەکە.
نۆ : دواجار کتێبی مەی لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە پەنجەرەیەکی تازەی خستە نەو تاریکستانی جیهانی ئیسلامەوە تا لەو دەربیجەیەوە خوێنەر بتوانێت کەمێک ڕاستی و لەهەمان کاتیشدا کەمێک زانیاری ئاوەڕوو ببینێت و بەرچاو ڕوونییەکی قشەنگی پێببەخشێت تا بتوانێ مەرکی ئیسلامی سیاسی و کاریگەرییەکەی لەسەر ژیانی کەمەلایەتی کورد کاتێر و کاتێر بکاتەوە.
کتێبی (مەی لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە)، هەوڵێکی جوانی کارزان کەییەو نووسەر توانیویەتی لەو توێژینەوەیەیدا ئامانج بپێکێ و لەدانکی بەزبەر لە ئیسلامی سیاسی و ئەو درۆ و بانگەشە فریوودەرانەیەی ئیسلامی سیاسی سەبارەت بە حەرامی مەی، بدات و ئەو بەستێنکی تابۆ و حەرام و یاساغە بشکێنێت. من بانگەوازی سەرجەم خوێنەری کورد زمان دەکەم کە ئەم کتێبە وەکچێن بە سەلیقەیەکی جوانەوە نووسراوە، بەپشووەیکی درێژەوە بیخوێننەوە و هەڵە بسەنگێنن و پر بە مانای وشەی چێژ، چێژی لێ ببینن.

نووسینی : عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)
تشرینی یەکەمی ٢٠١٩

یادێک لە خۆپیشاندانی خوێندکارانی هەولێر دژ بە شەڕی ناوخۆ ١٩٩٤ … هیوا ناسیح

بیستو پێنج ساڵی تێک لەمەوبەر، واتە ساڵی ١٩٩٤ شەڕی خۆکوژی نێوان یەکێتی و پارتی لە دەڤەریی رانیە و قەڵادزەوە هەڵگیرسا و مانگێکی نەخایاند سەرجەم باشوری گرتەوە، کۆتایی ساڵ شەر گەیشتە ناو هەولێری پایتەخت و یەکێتی دەستی بەسەر شاردا گرت… تەنها شوێنێکی دواجار مایەوە باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان بوو کە جگە لەو پارلەمانتارانەی هەردوولا، کە لە بەرەکانی شەڕدا بوون، سەرجەم پەرلەمانتارانی خولی یەکەم خۆیان لەوێدا پەنادابوو، وەک مانگرتن و ناڕەزایەتییەکیش بەو شەڕی براکوژییە لەوێدا مابوونەوە.
خەڵکی چالاک و بڵایەن هەندێک لە حزبە بچوکەکان لە ٧/٤ی هەمان ساڵدا، واتە چەند ڕۆژێک دوای هەڵگیرسانی شەڕەکە، خۆپیشاندانێکیان لە سەنتەری شاری هەولێر و ناوبازاڕ دژی شەڕ ڕێکخست، ئەوە بوو کاتێک گەیشتنە مەیدانی (کۆتری سەلام) هێزە چەکدارەکانی سەر باڵەخانەکانی دەوروبەر تەقەیان لێکردن و دوو شەهید و زیاتر لە دە بریندار هەبوون… ئیتر خەڵک چاوترسێنکرا و کەس نەیدەوێرا خۆپیشاندانیش بکات. ناوشار پێ ببوو لە چەکدار و هێزی سەربازی سەرباڵەخانە و هەموو لایەکی تەنیبوو، پایتەخت بۆنی خوێن و ماوڕانی لێ دەهات. لە سەربازگەیەکی گەورە دەچوو، نەک شارێکی ئاوەدان.

من ئەوکات خوێندکاری قۆناغی چوارەمی کۆلیژی زانست، بەشی بایۆلۆجی بووم، هەرچەندە ئەندام کۆمیتەی خوێندکارانی یەکێتی و لێپرسراوی (کەرتی ڕێکخستنی کۆلیجی زانست)یش بووم، بەڵام پەیوەندیم لەگەڵ زۆر لە چەپەکان و کۆمۆنیست و بڵایەنەکان بە هێز بوو، لە زۆربەی چالاکییەکانی ساز دەکرا بەشدار دەبووم.

ناوەڕاستی مانگی دە کاتێک زانکۆ کرایەوە، یەکێتی هەوڵی دەدا زانکۆ دەست بە دەوام بکاتەوە و ڕەوشەکە ئاسایی بێتەوە ،چونکە لەبەرژەوەندی بوو، هەولێری کۆنترۆڵ کردبوو، بەڵام پارتی کە شکۆ و

ناوبانگی شکا بوو، لە هەولێر وەدەرنرا بوو ، هەوڵی دەدا دەوام رابگیرێت و زانکۆ نەکرێتەوە... بۆیە دەوامی زانکۆ بە نیوەناچێ دەستی پێکردەوە، هەندێک لە خوێندکار و مامۆستاکان نەگەرابوونەوە.

چەند کەسێک لە خوێندکارانی کۆلیژە جیاجیاکان لە ناوەراستی مانگی دوانزە کۆبونەوەیەکمان سازکرد، وابزانم لە کافتریای کۆلیژی زانست بوو، بۆیاری خۆپیشاندانکمان دژ بە شەرەکە دا. ڕۆژی ٢٤/١٢ مان دیاریکرد. دەستمان کرد بە سەردان و پەیوەندی بە حزبەکانی شیوعی کوردستان، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردوستان، دیموکراسیخوازان...هتد، تا هاوکاریمان بکەن لە ئامادەکردنی لافیتە و نوسینی دروشمەکاندا. دروشمەکانمان پێشتر لەسەر کاغەز ئامادەکردبوو، ئەوەی بیرم مابێت ئەمانەبوون: (ئێمەین خەڵکی کوردستان دژی شەری براکان) (نەفرەت لە براکوژی، بژی ئاشتی و برایەتی) (بە بۆ دادگاییکردنی لێپرسراوەکانی شەری ناوخۆ)، (نا بۆ ماوەرانی و کاولکاری کوردستان)...هتد. بۆیارمان وابوو، لافیتەکان تەنها ڕەنگی ڕەش و سپی بن، ئەمەش لەبەر پاراستنی بڵایەنی سیمای چالاکییەکەمان. لەو کەسانەی کە ئێستا بیرم مابێت و لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکەدا لەگەڵمان بوون هاورێیانم سیروان عەولی نوسەر و ڕێشەنبیر کە ئێستا لە وڵاتی نەرویجە، هەروەها کاوە عارف کە لە ئەڵمانیا و شاری کۆڵن دەژی.

دیارە لەسەرەتاوە بۆیاری ئەوەمان دابوو، کە هیچ لایەنێکی حزبی نابێت لەگەڵمان بەشدار بێت ، وە هەوڵ بدەین خۆپیشاندانەکە مەرکی سەربەخۆیی و بڵایەنی خۆی لە دەست نەدات، دەشمانزانی بەهۆی چاوترساوی و ڕەوشی ئاسایش و نائومێدی لەو چالاکییانە، خەڵکێکی زۆر بەشداری ناکات.

ڕۆژی ١٢/٢٥ وەک دیاریکرابوو خۆپیشاندانەکە لە کۆلیجی زانستەکان بە لافیتەی ئامادەکراوەوە دەستی پێکرد، هەندێک خوێندکاری کۆلیژەکانی ئەندازیاری و یاساش هاتن بەرەو لای ئێمە، ئیتر بووینە دە پانزە کەسێک و بە ڕاستەشەقامی سەرەکی هەولێر – کەرکوک بەرەو ناوشار بەڕێکەوتین. بەیانناممەیەکمان ئامادەکردبوو بە نێو ڕێبواراندا بڵاومان دەکردەوە، ئەوەی لەبیرم مابێت، گرنگترین خاڵەکانی نێو بەیاننامەکە، داوامان لە پەرلەمانی کوردستان کردبوو، کە:

١. بە زووترین کات بۆیاری وەستاندنی شەر لە سەرجەم بەرەکان بدات, هەروەها شەڕی ڕاگەیاندنیش بوەستێنرێت.

٢. هێزەکانی هەردوولا ئاگر بەست رابگەیەنن و چەکدارەکانیان بکێشنەوە دواوە.
٣. هەموو چەکدارەکانی هاتونەتە ناو شار و سەر سەربانی باڵەخانە و زانکۆ و وەزارەتەکان لابرێن و سیمای شەڕ لە نێو شاردا کەتایی بێت.
٤. سەرجەم ئەو پەرلەمانتارانەی هەردوو لایەنەکە، کە چوونەتە بەرەکانی شەڕ و بەشدارن، یاساپارێزیی (حەسانە)ی پەرلەمانتاریان لێبسەنرێتەوە.
٥. سەرجەم ئەو لێپرسراوە سەربازی و ئەمنییانەی دەستیان بووە لە دەستپێکردنی شەڕەکە و پەرەسەندنی و تاوانییان ئەنجام داوە دادگایی بکرێن.
٧. بە زووترین کات دیلەکانی هەردولا ئازاد بکرێن و دەرکراوەکان بگەڕێنەوە شارەکانی خۆیان.
٨. هەردوو هێزی چەکداریی میلیشیایی هەبووەشێنەوە و لە جێگەیان سوپای کوردستان دابمەزرێنرێت.

ئیتر بەڵێ درێژایی شەقامەکە کەوتینە ڕێ بەرەو سەنتەری شاری هەولێر و لەوێوە بە لای قەڵادا بەرەوخوار شۆڕبووینەوە بەرەو پەرلەمان، لە بارودۆخێکی پڕ لە ترس و دڵەراوکێدا، چونکە دەترساین لە هەر ساتێکدا دەستڕێژمان لێبکەن. پڕ بە پێی ڕێشتمان بە بەردەم کۆلێژ و بەشەکانی تری زانکۆی سەلاحەدین، خوێندکاری تر دەهاتنە ناو خۆپیشاندانەکەوە، بووینە نزیکەی ٥٠ تا ٧٠ کەسێک. دیارە نە یەکێتی و نە پارتی دژی خۆپیشاندانەکە نەوەستانەوە، بەڵام بە فەرمی بەشداریشیان نەکرد.
ئاسایشمان ئاگادار کردبۆوە، بەڵام ئەوان گوتیان لێپرسراوێتی پاراستنی بەشداربووان لە ئەستۆ ناگرین، چونکە بارودۆخ شەڕە و لەبار نیە بۆ خۆپیشاندان.
تا گەیشتینە بەردەم پەرلەمان بووبووینە سەد کەسێک و لەوێش بە هۆی ئەوەی پێشتر ڕاگەیاندنەکەمان دابوو بە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ ناوخۆکان، کە لە دژی شەڕ ئەمڕۆ خۆپیشاندان هەیە، دەیان کەسی تر چاوەڕێیان دەکردین. پاش بگرە و بەردەیەکی زۆر پاسەوانەکانی دەروازەی سەرەکی پەرلەمان ڕێگایان داین، کە بچینە ژوورەوە بۆ حەوشەی پەرلەمان، لەوێش هەندێک خەڵکی تر کۆبووبوونەوە. نوێنەری کەس و لایەنەکان دەچوونە سەرەوە و لە باڵکۆنی پەرلەمانەوە، کە پەیامنێرانی زۆرلە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و ڕۆژنامەکان لەوێ ئامادەبوون، وتاری خۆیان دەخوێندەوە.
لە ناوەوەی باڵەخانەکەی پەرلەمان پەرلەمانتارانی یەکێتی و پارتیش

مانیان گرتبوو، ئەوسا لە نێو حزبە کوردییەکان تەنها ئەو دوو لایەنە کورسی پەرلەمانیان هەبوو، پەنجا بە پەنجا وەک برا بەشیانکردبوو! پەیامنێرانی کەناڵی هەردوولاشیان ئامادەبوون، واتە ئەوێ وەک دوورگە یان ناوچەیەکی بێلایەن وابوو. خەلیل عوسمان لە تەنیشتم وەستابوو (خولی پێشوو لەسەر لیستی یەکێتی پەرلەمان بوو، ناوبراو هاوسەری ئێستای ڕێواز فایەقی سەرکی پەرلەمانە)، ئەوکات ئەویش خوێندکار بوو لەگەڵمان لە بەشی بایولوژی، ، هاوارمان دەکرد و هوتاف و دروشمەکانمان دەگوتەوە، من بە کاک خەلیلم گوت، وەرە با بچین منیش وتاری دەستەی ڕێکخەری خێپیشاندانەکە دەخوێنمەوە، هەروەها یادداشتەکە دەدەینە سەرکایەتی پەرلەمان، چونکە کەسمان دیارینەکردبوو، ئەویش رازی بوو لەگەڵمدا هات. بە دوو پرسگەدا تێپەرین و چووینە سەرەوە بۆ باڵکۆنی پەرلەمان. ژنێک لە پێش منداوتاری دەدا، ژنێکی بەتەمەنی ڕەشپێش بوو، بەرگی کوردی لەبەردابوو، نازانم گەرمیانی بوو یان لە کەسوکاری بارزانییەکانی ٨٢ بوو، بەڵام بەوەی زۆر داخ لەدڵ و بەپەرۆش بوو دیار بوو، کە کەسوکاری قوربانی و شەهیدە. ناوبراو بە زمانێکی خەڵکانی سادە زۆر توند قسەی کرد، بیرمە گوتی (کوڕی خەڵک زیاتر بە کوشت مەدەن، شەرەفی کورد شەرەفی خێزانەکانتانە، قژی ژنەکانتان بگرن بۆ سێزانیخانە باشترە لەوەی کوری خەڵک بکوژن…هتد) لە خوارەوە کە چەند سەد کەسێک وەستا بوون زۆر خۆشحاڵ بوون بە قسەکانی ناوبراو، ڕۆژنەی چەپڵەیان بەرزبووەوە.

لەوێ، واتە لە بەڵکۆنی پەرلەمان، کە لەسەر دەروازەکەی ناوەوەیەتی و دەوانێت بەسەر حەوش و بەردەرکی پارلەماندا، لە پشت مایکرۆفۆنەکان وتاری ڕێکخەرانی خێپیشاندانەکەم خوێندەوە، خەلیل عوسمان لە تەنیشتم وەستا بوو، کە تێیدا ئەو خاڵانەی لە بەیاننامەکەماندا هاتبوون، لە خۆگرتبوو. لەبەر ئەوەی بەندە خوێندکاری دەرەوەی شاری هەولێر بووم، لە بەشی ناوخۆیی دەژیام و تەلەفزیۆنمان نەبوو، نەمبینی، بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی لە زانکۆ، هاوڕیانی هەولێریم، پاش ئەوەی دیمەنەکانی خێپیشاندانەکان و وتارەکەی منیان بینی بوو، کە سەرجەم کەناڵەکانی ئەوکات پەخشیان کردبوو، دەستخۆشییەکی زۆریان لێکردم.

وەک بەگەنامە لەسەر ئەم خێپیشاندانە لە ئەرشیفی تایبەتیمدا، لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی، کە بۆ (برایەتی) زمانحاڵی پارتیم دا، لە نێو باڵەخانەی پەرلەمان، ئێستا لای خۆم پاراستومە، هەروەها کاسێتی قیدیۆی وتارەکەی خوێندمەوە (ئەو کات سی دی دانەهاتبوو، یان


نەگەیشتبووە کوردستان)، کە پاشتر لە ڕۆگەی کاک ماکۆک شێخ حەمەد، لە تەڵەفزیۆنی گەلی کوردستان- کەناڵی هەولێر، بارەگاکەی لە سەر قەڵابوو، دەستم کەوت. ناوبراو دواتر بووە سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرکۆماری پێشوو جەلال تاڵەبانی لە بەغدا. کاستەکەم ئێستاش لایە و لام پارێزراوە، بەداخەوە کوالیتێتی پاش ئەو هەموو ساڵە خراپ بووە، بەڵام لای کەمی دەنگەکەی باشە و هەر کەس ویستی ئەو مژووە بنوسێتەوە، ئامادەم کۆپییەکی بێ بنێرم. دیارە دیمەنەکانی خەکی ناو حەوشی پەرلەمان و وتارەکەی ئەو ژنە ڕەشپێشەی باسم کرد و وتارەکەی منیشی تێدایە.
دواتر من و خەلیل عوسمان و نوێنەرانی تری ڕۆکخراو و حزبەکان چوویتە ژوورەوە بۆ هۆڵەکی گەورە، کە پەرلەمانتارەکان مانیان گرتبوو، لەوێدا پێشوازیان لە خەک دەکرد، لەو پەرلەمانتارانەی ئەو کات لەگەڵمان دانیشتن، ئەمانە بوون: نەژاد عەزیز ئاغا، جێگری سەرکی پەرلەمان، د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ، سەید حەسەن، ئەحمەد سالاری هونەرمەند و هەندێکی تر. بە گەرمی پێشوازییان لێکردین، چایان بۆ هێناین و دەقی یادداشتەکەمان دانێ، وەک دیاربوون نائومێد ببوون لە وەستانی شەڕ، بەڵام دەستخۆشییان لێکردین.

شایەنی باسە ئەم هەموو زانکۆیە لە کوردستان هەیە، کەچی تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و مژووییی پەسەند و بابەتییانە لەسەر هۆکار و دەرئەنجامەکانی شەری ناوخۆ بە گشتی و شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی ٩٤ تا ٩٨ کە بە ڕێککەوتنی واشەنگتۆنی نێوان هەردوولا کۆتایی هات نەکراوە، بۆیە بەداخەوە ژمارەیەکی ورد و متمانەپێکراو لەبەردەست نییە، کە چەند کوژراو (دەکرێت بەشەهیدیش ناویان بەرین) و بریندار بوونە. بەڵام دڵنیام قوربانییەکان دە تا پانزە هەزار کەس کەمتر نین، جگە لە هەزاران بریندار و سەدان بێسەروشوێن، کە بەداخەوە تا ئێستاش چارەنوسیان دیارنییە و بە یاساش یەکلایی نەکراوەتەوە.
ئەمە جگە لە بە هەدەردانی دەیان میلیۆن سەروەت و سامانی نیشتمان، لە پارەی گومرگ و بانکەکان، هەروەها کاولکردن و وێرانکردنی دەیان نەخۆشخانە، خوێندنگە و فەرمانگەی و سەدان ماڵ و خانوی هاووڵاتیان! ئەو خولەی شەڕی ناوخۆ ماوەرانەترین و زیانبەخشترین بوو، چونکە لەنێو شارەکاندا شەڕکران، کوردستانی ئازاد بوو بە دوو زۆنی زەرد و سەوز، تا ئێستاش کاریگەریی دەرونی و کۆمەڵایەتی لەسەر خەڵک ماوە و لە ڕووی ئیداریشەوە کاریگەریی نەرێنی تەواو نەبووە. سەیر ئەوەیە، دوای ئەو هەموو کاولکاری و ماوەرانییە، تا ئێستا تراژیدیا و تاوانەکانی ئەو شەڕە، وەک ئەوەی ڕوداوێکی

سروشتکردی وەک تسۆنامی ئەو چوارساڵە لە کوردستانی دابێت، تەنها لێپرسراوێکیش دادگایی نەکرا و لێیان نەپرسرایەوە، بگرە ئەو لێپرسراو و سەرکردانەی بەشداری چالاکی ئەو شەڕە نەگریسەیان کردبوو، پلە و پۆستی زیاتر و بەرزتریان درایە!!
ئەو شەڕە خۆکوژییە دواجار بە میانگیری مادلین ئۆلبرایتی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کۆتایی هات، ئەوەبوو رێککەوتنامەی ئاشتی بە ئامادەیی ناوبراو لە نۆوان مام جەلال و مەسعود بارزانی لە ١٨/٩/١٩٩٨ لە واشەنتۆن مۆرکرا.

هیوا ناسیح

تێبینی:
١. ئەو وێنەیەی لێرەدایە لە کاسێتی راپۆرتە هەواڵی خۆپیشاندانەکەوە وەرگیراوە، ئەو کاتەی بەندە وتارەکە دەخوێنمەوە و ئەو کەسەی لە دەستە چەپم دەرکەوتوە خەلیل عوسمانە.
٢. بۆ ئەم وتارە تەنها پشتم بە زەینی خۆم، بەگەنامەی ئەرشیفی تایبەتیم، زانیاریی کەمی یەک دوو هاوڕێی نزیکم بەستوە، داوای لێبوردن دەکەم کە ناوی هەندێک هاوڕێم یادداشت نەکردبێت، یان هەیەک لە زانیارییەکان هەبێت، هیوادارم راستی بکەنەوە.



* قوناغێکی گرنگی زانستی بەشی پایتۆلۆژی خوێناوی / ٤ بەناوی هیوا ناصح علی لە نێو ناپۆرەی خۆپیشاندەرانەوە خۆی گەیاندە کۆشکی پەرلەمان و دەروازەی دڵی خۆی بۆ رۆژنامەی برایەتی کردەوە :

یەکەم شت پێویستە کە بکرێت نەوەیە تاوانبارانی شەڕ ڕیسوا بکرێن و ئیدانە بکرێن و بە پێی یاساوحوکمی دادگا سزا بدرێن .

دووەم شتیش نەوەیە زەمینەی دروست بوون و هەڵگیرسانی شەڕ نە هێڵرێن و هەوڵی ئەوە بدەین کە قەناعەت بەشەرکەران بێنین خۆیان لە دڵ و دەروونەوە شەڕی براکوژی ڕەت بکەنەوەو دەسەڵاتی باڵای کوردستان بپارێزن نە هێشتنی میلیشیاکان بدەن وهەوڵیش بدرێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن شتی نالەبارو وروژێنەر بڵاو نەکەنەوەو زیاتر بەشداری بکەن لە یەک خستن و لەیەکتر نزیک کردنەوەی ڕیزەکانی گەل و پتەو کردنی گیانی برایەتی و تەبایی لە نێو جەماوەری کوردستاندا.

(ساختمانی پەرلەمانی کوردستان)
خۆپیشانی خوێنکارانی زانکۆ دژ بە شەڕی ناوخۆ
برایەتی ژ(2115) ی 1994/12/25

قرخ یەخان … عەبدولڕەحمان فەرهادی

کورد چەند جوانی گوتووە: پەتی درێ کورتە، واتە درێ زوو ئاشکرا دەبێ و ئەو پەتە بە شتێکت ناگەیەنێ. زۆر لە درۆزنان بە ئامانجێکی

دیاریکراو دەست بە درێیان دەکەن، لەگەڵ هەندێش هەیانە عارەب گوتەنی فی سبیل اللە درێیان دەکەن، وەك چۆن دووپشك دەگاتە هەر تەنێك، دار بڕ یان بەرد، هەق یان نەرم، چزووەکەی دەگەیەنێتە و پێوەی دەدات، ئەمانیش ئاوا، هەرچۆن بیاندوێنی، دەتدەنە بەر درێیان، ئەمەش هەفتارێکی دەروونیی تایبەتە و پێوەندیی بە ژینگە و پەروەردەشەوە هەیە. زۆر سەیرە، زۆر لە درێزنان کاتێ دەست بە درێیان دەکەن، لە دوێ چاویاندا نیشانەیێ دەردەکەوێ کە وەسفەکەی زەحمەتە و کەسانی ژیر و شارەزا پەیی پێ دەبەن، درێزن هەن لەکاتی ئیشدا چاویان لێێ دەبڕ، هەنگەکان بە هەڵبزێکاوی دەبینن و قسان دووبارە و سێبارە دەکەنەوە، هەمان درێ جارێکی دیکە و لە کاتێکی دیکە بڕ هەمان کەس بە جۆر و چیێێکێکی تر دەگێێنەوە. یەك لە نووسەرە گەورەکان وابزانم مارك توین ە دەێێ: کە درێزن دەست بە درێیان دەکات، قەت هەوێ مەدە بە پرسیاران درێکەی لێ سپی بکەیتەوە، چونکە ئەو بە درێیەکی تر وەرامت دەداتەوە، جا وا چاترە خۆت نەدەیە بەر درێیان.

ئەوێ ساێێ دوو برادەری درێزن لە یەکی نیسانێ گەیشتنە یەك، ئاگام لێبوو یەکیان بەوی دیکەی دەگوت: فڕانێ، ئەمێێ یەکی چوارە، هەموو عالەمێ خوای درێیان دەکەن، وەرە با من و تۆ تەنیا ئەمێێ دەستبەرداری درێیان بین، دەبا بەس ئەمێێ ڕاستگێ بین توخوا، ئەوی تریان پێدەکەنی و دەیگوت: توخوا تۆی درێزنیش منت بەلاوە درێزنە؟ ئەویتر وەرامی دەدایەوە: هەی ووت ەش بێ، درێ لە ئاستت شەرمەزارە. لە گەورە درێزنێکم بیستووە، زۆرجاران درێ سوودی گەورەی هەس، بە تایبەت لەڕاست ژنان، کاتێ لەگەڵ ژنەکەت دەکەویە گفتوگێ و باسوخواس. هەر ئەو برایە هەموجارێ پێم دەێێ: بڕوا ناکەم بە درێژاییی مێژوو لە دونیادا کەسێ هەڵکەوتبێ درێی لەگەڵ ژنەکەی نەکردبێ، ڕاستیی قسەکەی ێێی تێدەچێ، منیش وەرامیم دایەوە: ئەی ژنان؟ خۆ باوەڕ ناکەم ژنانیش لە مێژوودا لێیان هەڵکەوتبێ هەرگیز لە ژیانیاندا درێیان لەگەڵ مێردەکانیان نەکردبێ. وەلحاسڵ لەوەتەی مرۆڤ هەناسە دەدات درێش بەردەوامیی هەیە و هەر دەشمێنێ.

هەر ئەو برادەرەم چیێێکی خۆی و سەگەکەی بڕ گێێامەوە، وابزانم چیێێکەکەی لووتکەی ئەفسانەیە لە درێیان، کە ئەمە کورتەکەیەتی: (نیوەشەوێ لە یەکێ لە یانەکان بە سەرخۆشی هاتمە دەرەوە، وابزانم قاپێ تەکەرداغم هەڵقوڵاندبوو، بە پێ بەرەو ماڵەوە هەنگاوم نا، نیو سەعاتێکی پێچوو گەیشتمە دەروبەری شوقەکەمان، کە لە قەراغی شار بوو، ئەوکات وەك ئێستای لێ نەهاتبوو، ئەو ناوە چۆلوهۆل بوو،

قەرەج و دۆمەکانی شار هەشماڵی خۆیان لەو چۆلەوانییە هەڵدابوو، زۆر سەرخۆش بووم و لە هەنگاوناندا لاکەم لێوە دەهات و بەملاو بەولادا دەهاتم، لە هەشماڵەکان نزیك بوومەوە، هەستم کرد یەك لە سەگە دۆە پاسەوانەکانیان بەو تاریکە شەوە هووەو من دێ، تا دەهات نزیك دەکەوتەوە و هەر زەندەقم چووبوو، خۆ ئەوە پێم دەداتێ!
هەر هات هەر هات، لەپێ هەرشی بێ سەروسەکوتم هێنا، منیش ناچار مام تا هێزم تێدابوو مشتەکێەم هاوەشاند، سەیرەکە لەوەدا بوو، تومەز مستم کەوتێتە ناو دەمی سەگە، دەستم زۆتر بێ قووڵایی هەوانە کرد، دەست بێێ بێێ، هەستم کرد دەستم لەناوەوەی گەیشتێتە لای کلکی، ئیتر مستم گرتەوە و چنگەکم لێ گیر کرد و تا هێزم تێدا بوو بە دەستەکەی دیکەم سەگەم لە دەستم دامالی، ئارەقی هەش و شینم دەردابوو، ئیتر سەگەم بەرەواژ کردەوە، سەگە نامابوو و لە جیاتی بحەپی حەو حەو حەو، دەحەپی وەح وەح وەح..) ویستم درێکەی لێ سپییەوەکەم، چونکە باوەڵم بەو درێودەڵەسە و کەشوفشە نەهات، سەگ بەرەواژ کردنەوە و وەح وەح؟ زۆر سەیرە! هەر خۆم وتەکەی مارك تویەنم هاتەوە یاد، نەکەی بە درێی بخەیتەوە، با بۆخێی هەر بەم فشەچیێك و ئەفسانانە بژی. با ێێی نەدەم بە درێی تر وەرامی پرسیارانم بداتەوە. بیرمە لە سەرەتای نەوەتەکان، هاوکارمان ئیسماعیل بەرزنجی دیدارێکی ێیکێردکراوی لەگەێ حەیرانبژی ناودار هەسوول گەردی کردبوو، خەریکی پاکنووس کردنەوەی بوو، شەوەکەی لە یانەی هاگەیاندن ێیکێردەکەی بێ لێداینەوە، دوا پرسیاری بەرزنجی لە مام هەسوول ئەمە بوو:
مام هەسوول گیان، هات چییە دەربارەی درێ؟
مام هەسوول تەدەستانە هاتە وەرام: درێ؟.. قوێبەسەرییە.. ماوەرانییە.. شێلمانوەشێنییە
لەو ێێژەوە مژووی درێ بەستراوەتەوە بە شێلمان وەشاندن. جاران لە هەولێر بە درێ دەگوترا فێتە، بە درێزنانیش فێتەچی. هەروەها ئەگەر درێزن ژمارەی درێەکانی بگەیاندبایە چل درێ، ئەوا لای تورکمانان ناسناوی (قرخ یەان) واتە (چل درێ)ی دەدرایێ. ئیتر لەم دیدارەی مام هەسوولەوە درێ بوو بە شێلمان و درێزنیش بە شێلمانچی یان شێلمانوەشێن. ئیتر با ئاگامان لە خۆمان بێ کار لە خەك نەماوە و حکوومەتن فێر بووە هەمبەی شێلمانانی دێ. خوایە لە شێلمان و شێلمانوەشێنان بەدوورمان بگرێ.

بۆ سۆسن … شیعری شەهید: زانا حەمزە مەحموود

ئەی سۆسنە کەوگەتە بەنازەکەم
ئەمشەو … بۆ تۆ خەوم نایێ
وەرە گیانە … کاکڵم بکە بەڤەفتە
بە سەرتەوەی بئاڵنە
پەنجەم بکە بە بەرکۆژە
لە سینەتی توند گرێدە
بە ئازاری بناڵنە
وەك ژەگی دار
بڕخ لە نێو سینگم داکوتە
با باڵندەی حەز و خەتا
هۆلانەیان لە سەر چۆ کەن
چ نابێ گەر …
بۆ تاکە ساتێکی هەتیوو
کوڵمت بکەم بە سۆزکی … نەرم و گەیووو
چەندە خۆشە .. گەر پێکەوە
گۆی نەفرەتمان تۆ بەر دەن
***
وەرە سۆسن
با لە بەر تیشکی ئەم خۆرە ئاقرە گیرە
گەندەمووی لا مل و گوێت
بسووتێنم
هێ سۆسنێ
تۆ چیت داوە لە ترس و بیم ؟
کەی منایی تەی وەك تۆ
بە ئاگری ژق دەزانێ؟
سوێندیش دەخۆم
تۆ لە هەموان … دڵکۆشتری
لە هەموشیان بە ئۆش تری ..
**

خەمت قورسە
ئەمیش بەندەی سێ و ترسە
دەپێم بڵێ … ئەی سەسنە بێ ناوەکەم
کەی بێ و
منیش بە ئاشکرا … ماچت بکەم ؟
**
شێتە ئەوەی …. دڵی خۆشە
تۆیش بسوتێی
شێتە ئەوەی وا ئەزانێ
تۆ پەیامی .. ئەشق و خەتای
با هەر بڕۆن
هەر تۆ لەوان پاکژتری
تۆ لە هەمووان دڵگەشتری ..

……..

سپێدەی ئاوارەیی … شەونم زەندی

لە شەوە … یەخدایەکانی قەدەرەوە
ڕۆحە پەرتەوازەکان
بە دوای سێبەری ئەو چرایانەی
کە زەمەنێکە
بێ تروسکە کراون … وڕۆن ..
هەنگاوەکانی تەمەن ..
لە بازنەی " بە زەمەن بوون "
هەرەس هێنن
مەراسیمی حوزنە و
لە میانی " بۆوا و بێ قەناعەتیدا " … گومانەکان
هەرەسمان پێ دێنن
گومان لە : بوونێك بێ ویستی خۆمان ،
لە : ناو و سێبەری خۆمان ،
گومان لە : بە یەك نەگەیشتنی هێڵە تەریبەکان،
لە : قەد بوونەوەی لاپەڕەی یادەکان .

بۆ دەنگییەك .. خۆی دەنوێنێ ،
دوورگەی خەون
كە كێترۆی ئەم عەشقستانەی پێ ناكرێ ؟
عەشق بۆ خاك ،
گول ..،
باران ..
تروسكەكان … دەتارێنێ
تەمتومانی ڕۆح
لە سپێدەی ئاوارەیی ،
حەزە سەوزەكانیش.. لە بازنەی بێ هەنگیا ..
بۆ پەیژەكانی زەمەنێك لە مەنفا ،،..

1999 / 7 / 1

هاوپشتی ئێنتێرناسیونالی لە دژی هێرشی جەنگ

كرێكارانی تورکیا، یۆنان و قوبرس هیچ سوود و بەرژەوەندییەکیان نییە لە دواییەن ململانێ و كێشمەكێشەكانی كەناری دەریای سپی ناوەراست لە زەنی ئابووری دیاریکراودا. بۆ پێچەوانەوە ئەگەر هاتوو هەوو بۆ ڕووبووەوەی سەربازی ڕووبدات. ئەوە ئەمین هەموو شتێك لەدەست دەدەین و زەرەمەند دەبین.
بەهێنەكانی چینێ دەسەڵاتدارەكان و فەرمانڕەواكانی ئەمە بۆ گەران و دەزینەوەی تازەی نەوت و گازی سروشتی لە دەریای سپی ناوەراستدا، گوایە خۆشگوزەرانی و گەشەكردنی دارایی لەگەڵ خۆیدا دەنێت ئەمە قسەیەكی ڕاست نییە. بەڵكو تەنها قازانجی گەورە بۆ كۆمپانیا فەرەنتەوەكانی وزەی، وەك ئیكسۆن، تۆتال و ئینی (كۆمپانیای وزە) دەهێنێت. ئەم گەڕانە بەدوای وزەكانی سووتەمەنییدا گەڕانی كەش و هەوا خراپتر دەكات، لەگەڵ ئەوەشدا و نەیاریی و پێكدانانەكانی نێوان دەسەڵاتە ئیمپریالیستیی و ناوچەییەكان خێراتر و توندوتیژ تر دەكات.
ئەم بەربەرەكانێیە لە هەموو لایەكەوە كۆنەپەرستانەیە. ئەو

هەوڵانەی لایەن حوکمڕانەکانمانەوە دەردەن کە دەیانەوێت نیشانی بدەن گوایە ئەم کارەیان "بەرگریە لە نیشتیمان" دژیەکە و ڕاستی تەدانیە. زۆر بە ڕوونیی و بە بەڵگەوە دیارە حکومەتەکەی ئەردۆغان و میتەتاکس لە لیبیا پشتگیری لە دوو هێزی جیاواز لە شەڕ دەکەن. بنغازی بەشێک نیە لە "نیشتیمان"ی یۆنان، ترابلوسیش بەشێک نیە لە "نیشتیمان"ی تورکیا.

چارەسەری دروست، هەرگیز لەڕێگای ناوبژیکردنی ناتۆ (NATO)، یەکیتیی ئەورووپا (European Union)یاخود نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (United Nations) بەدینایەت. ئەم هێزانە نەودەوڵەتییانە "دەڵاڵی سەربەخۆیی" ئاشتیی و دادپەروەریی نین. ئەمانە بەکرێگیراوەکانی دەستێوەردانی ئیمپریالیستین کە دەیانەوێت لەڕێگای ئابووریی و سەربازیی و دیپلۆماسییەوە ئەم کارە ئەنجام بدەن. ئەم کردەیان بە چەندەها جار لە وڵاتانی ناوچەکە لە سوریاوە بە یەمەن دووبارە بۆتەوە، هەروەها لە ئەفغانستانەوە تاوەکو ئەقیانووسی ئەتڵەسی کە قوبرسیش دەگرێتەوە.

ئەتڵەرناتیق بە "ناوبژیکردن"ێکی وەها ئامادەکاری نیە بۆ جەنگ. ئەمە دژایەتیی هەموو ئەم هەوڵانەی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەکەین کە فشار دەخەنە سەر حکومەتەکانیان بۆ ووتاربژێی ناسیۆنالیستیی و پشبرکێی خۆپرچەککردن. ئەمجارە سیاستە دڕگا دەکاتەوە بە بەهەز بوون و گەشەکردنی هێزە ڕاستڕەو و فاشیستەکان. ئەمش مایەی قبوڵکردن نیە بەشێک لە چەپ لەگەڵ داواکاری سەپاندنی ئابلوقەی یەکێتیی ئەورووپان. ئەم سیاستە هەڕەشەی زیاترە لە گەشتی بچووک لە ئیجە و دەوروبەری قوبرس و لە گەل ئەوەشدا پاپشتی کردنە لە چەوساندنەوەی گەلی کورد.

تەنها گەرەنتیی بۆ ئاشتی و دادپەروەری پەرەسەندنی خەباتی کرێکارانە. ئەمە ئیلهام وەردەگرین لە بیرکەی شۆڕشی جیهانی لە چیلی یەوە بۆ لوبنان هەروەها لە سودانەوە بۆ فەرەنسا.

ئەمە داواکاری دەستبەجێ بەرز دەکەینەوە بۆ:

کۆتایی هێنان بە هەموو دەستێوەردانێکی ئیمپریالیستی لە ناوچەکەدا، هاتنە دەرەوەی یۆنان و تورکیا لە ناتۆ. داخستنی هەموو بنکە سەربازییەکانی (Incirlik, Souda, Akrotiri) لە قوبرس و یۆنان تورکیا.

کۆتایهێنان بە گەشەکردنی نەوت و گاز لە دەریای سپی ناوەراست. پێویستە سووتەمەنییەکانی کانێ بەردەکان لە ژێر دەریا بمێننەوە.

کۆتایهێنان بە پشبڕکێی سەربازی. ڕاگرتنی بەفیدانی پارە بۆ فڕۆکەی جەنگی، کەشتی بچووک و مووشەک، جا چ ڕژاوایی بێت یاخود

ووسی.
کردنەوەی سنووریکان بە رووی پەنابەران. پشوازی کردن و لەخۆگرتنی هەموو ئەو خەڵکانەی کە بەهۆی ترسی جەنگ و برستییەوە ئاوارە بوون. پەنابەری و پەناگە بە گشتیان. کۆتاییهێنان بە سیاسەتی "سەنگەریی ئەوروپیی". کۆتاییهێنان بە هەڵوەشاندنەوەی دژەکۆچبەریی یەکێتیی ئەوروپا لە لیبیا و تورکیا کە کۆچبەران شەرمەزار دەکەن و بە چاوەکی وا تەماشایان دەکەن کە هەڕەشەن بە سەر ئەوان.
کرێکارانی تورکیی و یۆنانیی لە قوبرس مافی خیانەت لە سەر داهاتووی دوورگەکەیان بیار بدەن، دوور لە هەر دەستتێوەردانی دەرەکی.

کرێکارانی یۆنان، تورکیا و قوبرس نەرێتێکی دوورەمەندی خەباتکارانەیان هەیە لە دژی قوربانیدانەکان کە قەیرانی ماوە درێژیی سەرمایەداری بەسەریدا سەپاندوون. بونیادنانی بزووتنەوەیەک بە داواکاریەکانی وەک دژی سیاسەتی (سگهەڵگوشین) دەستپێوەگرتن و چەوسانەوە، شانبەشانی لە گەل ئەوشەدا داواکاریە ئینتەرناسیونالەکانمان کە لە توانایەدایە لەشکرێکی بەهێز بونیادبنێن بە ئایندەیەکی باشتر. هەکخراوەکانی ئەمە خەی بە بەرپرسیار دەزانێت بە نەریتی شۆشگەرانە بە دژایەتیکردنی جەنگی ئیمپریالیستی و لە هەمانکاتدا خەبات دەکەین بە سۆسیالیزمی ئینتەرناسیونالی. ئەمە داوا لە هەموو ئەو خەڵکانە دەکەین کە ئاشتیخوازن پەیوەستبن بە ئیزکانی ئەم تەکۆشانە هاوبەشەوە.

پارتی کرێکارانی سۆسیالیست – یۆنان
پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی شۆشگەریی – تورکیا
هەکخراوی هاوپشتی کرێکاریی – قوبرس
١٦/١٢/٢٠١٩
و. لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئارمان

Socialist Workers Party – Greece (SEK – Sosialistiko Ergatiko Komma) Revolutionary Socialist Workers Party – Turkey (DSİP – Devrimci Sosyalist İşçi Partisi) Workers Solidarity – Cyprus ((Ergatiki Dimokratia

December 16, 2019

کتێبی کۆمەڵک لە تێکستی گۆرانییەکانی هونەرمەند داریوش

بۆنی گۆنم
کۆمەڵک لە تێکستی گۆرانییەکانی هونەرمەندی ئێرانی بەناوبانگ "داریوش"
ئەکاوێتە بەر دیدی خوێنەر و کتێبخانە کوردییەکان....
وەرگێرانی لە فارسییەوە : پشکۆ ناکام

لەسەر ئەرکی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

بە پینەو پەڕۆ دەخەکە هەور نابێتەوە … ئەحمەد رەجەب

راپەڕینە مەزنەکەی گەلی عێراق پێ خستە سێیەمین مانگ و هەر لە یەکەمین ڕۆژی ئوکتۆبەر{ تشرینی یەکەم} ی 2019 وە تا ئەمڕ لە پێناو بنبڕکردنی گەندەڵی و نەمانی دەسەڵاتی حزبە ئیسلامییە شیعەکان و بەرزکردنەوەی درۆشمی چاکسازی و گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری خەڵیشاندانەکان درێژەیان هەیە و پێش دوو هەفتە سەرۆك وەزیران عادل عەبدولمەهدی ناچارکراو دەستی لە کارکێشایەوەو وابریارە سەرۆك کۆمار بەرهەم ساڵح کەسێك بۆ پێستی سەرۆك وەزیران دەستنیشان بکات.
بەڵێ ، خەڵیشاندان دژ بە پشکپشکێنە و شێوازی حوکمی تایفەگەری و گەندەڵی و دزیی و بە هەدردانی سامانی گشتی و زۆرانبازی نابەجێ لە پێناو دەسەڵات لەناو رکابەرەکان هەڵگیرساوە لە کاتێکداجەماوەر پراوێز خراوەو خزمەتگوزاری نییەو بارودۆخی ژیان قورسەو بێکاری و هەژاری زۆرەو، جیاوازی لە هاوڵاتیبوون و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بووەتە دیاردەو، بە هۆی جەنجاڵی ژیان و شێوازی ژیانی

ناتەندروستەوە خەڵگ لە رەفتارەکانی تاقمی حزبە ئیسلامییەکانی شیعە بێزارەو، بە دوای یەکێك ئەگەڕێن پێستی سەرێك وەزیرانی پێبدرێت ودەستیان ناکەوێت و، بە هەموو شێوەیەك و، بە هەموو پینەو پەڕو .هەموو فرت و فێڵکەوە تاقمی سەرلەشێواو هەوێنەدەن بێ ئەوەی لە سەر دەسەڵاتی وڵات بمێننەوە.
بە هۆی بێ ئومێدی و بار گرانی ژیان و، هەڵسوکەوتی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە گەڵ خێپیشاندەران و، تەقەکردنی راستەخۆ و کوشتنی ژمارەیەکی زۆرو ترسناك و بریندارکردنی زیاتر لە بیست هەزار خێپیشاندەرو گرتنی ژمارەیەکی زۆرتر لە گەنجان و پیرو پەککەوتەو بەبێ جیاوازی لە نێوان نێرومێ . پیاوان و ژنان و ئازارو ئەشکەنجەدانیان بێسەی ئاگری راپەرینەکەی زیاتر گەش کردو، گەل متمانەی بە حکومەت و پەرلەمان نەماوەو داوا ئەکەن هەرسێ سەرکایەتییکە دەست لەکاربکشێننەوەو ئەنجام کات کوشتن و دواخستنی چارەسەرکردنی کێشکانیش، نیەتی خراپی بەرپرسە باڵاکان ئەسەلمێنێت و، ناتوانن پرسێ هێپەساڕاوکان چارەسەر بکەن و، داخوازی خێپیشاندەران جێبەجێ بکەن و ئاواتەکانیان بێننەدی.
سەرانی حزبە ئیسلامییە شیعەکان شەژاون و پیش ماوەیەك توانیان کێبوونەوەیەکی دوانزە حزبی ئەنجام بدەن و، ئەوەی سەیر بوو پارتی و یەکێتی بە فیتی دەستی دەرەکی بێ ئەو کێبوونەوەیە پەلکێش کران و، کێبوونەوەکە کرچو کاڵ و بێ سوود بوو، لە هەفتەی رابردوو بە نهێنی هادی عامری لە بڵکی (فەتح) و فالح فەیاز، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، سەرکی دەستەی حەشدی شەعبی و سەرکی دەزگای ئاسایشی عێراق سەردانی هەولێرو سلێمانی (پارتی و یەکێتی) یان کردو، هەوڵئەدەن پشتگیری بێ گەندەکاران کێبکەنەوە بەهام تا ئێستا شکستیان خواردووەو هیچیان پێ ناکرێ و، دیسانەوە نیازیان وایە یەکێك وەك عادل عەبدولمەهدی بدزنەوە و، تا ئێستا بە فیێ و چەواشەکردن و خوخەافاندن و بە یارمەتی قاسم سلێمانی و باییزی ئێران لە بەغدا درێژە بە دەسەاتە لەرزکە قاودراوەکەیان ئەدەن.
لە پاش گرتن و ئەشکەنجەدان و تەقەکردن و کوشتن و بریندارکردن و رفاندنی رێژنامەنووس و چالاکەوانان و پەرەسەندنی خێپیشاندانەکان لە بەغداو شارەکانی ناوەراست و خواروی عێراق و، باوبوونەوەی هەواڵی راپەرینە گەورەکە لە جیهاندا، وڵاتانی زلهێز وەك ئەمریکاو فەرەنساو ئەڵمانیا و بریتانیا و، مەرجەعییەتی (بگەراوە) ی باڵاو پایەبەرزی شیعەکان پشتگیری لە مافە رەواکانی خێپیشاندەران ئەکەن بەتایبەت لە پاش قەسابخانەکەی شاری ناسرییەو ئەلخەانی و وەسبە لە بەغداو، کوشتنی خەڵك لە کەربەلا بە دەمانچەی پێدەنگ و بەرزبوونەوەی ژمارەی شەهیدان.

سەیرە گەندەکاران وەك نوری المالکی کە مووچەی کوردستانی بری و لوتبەرزەکەی حەشدی شەعبی هادی العامری و هاوشوەکانیان باسی چاکسازی ئەکەن و بە فەرمانی ئێران کەسانی نەشیاو بێ پسستی سەرك وەزیران دەستنیشان ئەکەن و، یەکێك لەو ناوانە گەندەکار محەمەد شیاع ئەلسودانییە و، خێپیشاندەران لە گەڵ بیستنی ناوەکەی وێنەیەکیان لە گڕەپانی ئازادی { التحریر} هەواسی و لە سەریان نووسیبوو (محەمەد شیاع السودانی) گەندەڵە و هەر زوو ماڵەکەیان لە شاری عمارە (میسان) سووتاند.
گەندەکاران و ئێران بە ئاشکەرا بە پینەو پەڕ خەریکن هەمان سیناریۆکەی عادل عەبدولمەهدی دووبارە بکەنەوەو، خێپیشادەران بە راست و رەوان لە دیداریاندا لە گەڵ سەرك کومار بەرهەم ساڵح لە گەڵ کەسێکن خێیان دەستنیشانی بکەن و نایانەوێت ئێران و پەرلەمان خەڵك بێ پسستی سەرك وەزیران دابنێن و، هەموو لایەك ئەزانێت بەرهەم ساڵح لە ژێر فشاردایە و، پێویستە بوێرانە ناو کەسێکی نیشتمانپەروەرو دەستپاك وگونجاو بێت لە گەڵ خواستی خێپیشاندەران دەستنیشان بکات.
ئەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پشتگیری لە گەندەکاران نەکەن و، ئەوەش بزانن لە کوردستان حزب و بزوتنەوەو رێکخراوی تر هەیەو، نابێ بەبێ ریکەوتن لە گەڵ ئەو حزب و توێژانە بە فشاری دەستی دەرەکی بچنە پاڵ مالکی وعامری و عەبادی و، هاوشوەکانیان و، جێی راستەقینەی حزبە کوردستانییەکان بەرگرییە لە مافی رەوای خەڵك و نەفرەتکردنە لە خوێنرشتن.

بەرهەم ساڵح لیستێك ناوی لایە بە هیچ شێوەیەك جێی رەزامەندی خێپیشاندەران نییەو ، هەموو هەوڵێك لەلایەن سەرکردە گەندەڵەکان و ئێران ئەدرێت بێ ئەوەی یەکێك لەو ناوانە پسستی سەرك وەزیران وەربگرێت و، لیستەکە بریتییە لە : محەمەد شیاع السودانی، ئەسعەد العیدانی و مستەفا الکازمی و،هەروا دوکتۆر بەرهەم ناوی دادوەر { رائید جوحی} لەلایەن خێپیشاندەرانەوە پێگەیشتووە و، دیارە بەمنزیکانە ناوی پاوڕاو لەلایەن سەرکەکۆمارەوە دیاری ئەکرێت.

16/12/2019

چیرۆک بۆ منداڵان.. خۆشی کوردستان … رۆزا شوان

مریەم کچۆڵەیەکی کوردی جوانکێلە و زیرەک و ڕووخۆشە، لە نەرویج لەدایکبووە. دایک و باوکی لە ماڵەوە هەر بە زمانی شیرینی کوردی لەگەڵیدا دەدوێن. بۆیە بە باشی کوردی دەزانێت، لە باخچەی منداڵانیشدا فێری زمانی نەرویجی بووە.
پار مریەم شەش ساڵان بوو، لە بەهاردا لەگەڵ دایک و باوکیدا، بە سەردانی بۆ ماوەی سێ هەفتە هاتنەوە بۆ شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان، کە کۆسوکاری دایک و باوکی لێم شارەدان. کۆسوکاری دایکی و باوکی ناسی. بۆ گەڕان و سەیرانیش بردیان بۆ گەڵە شوێنی کوردستان. مریەم بۆ جوانی دیمەنە جوان و قەشەنگەکانی کوردستان و بۆ گوڵ و گوڵزاری جوان و بەنخەشی بەهاری کوردستان زۆر سەرسام بوو.
مریەم ئێستا تەمەنی حەوت ساڵە، لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی بنەڕەتی دایە.
دایکی لە ماڵەوەدا، لە نێو خانۆ شووشەییەکانی ڕەفتەکانی چێشتخانەکەیاندا، کەمێک شووشەی بچووکی ریزکردوون، کە پڕن، لە کاری و لە بەهاراتی بریانی و کفتە و شفتە و یاپراغ و جاترە بۆ ناو نەکاو و بیبەری تیژ و زەردچەوە و چەندین ئامێت و بەهاراتی تر.. کە بەتاڵ بوونایە دووبارە پڕی دەکردنەوە.. لەسەر پارچە کاغەزیش بۆ کوردی ناوی یەک بە یەکی بەهاراتەکانی نووسیبوون.. ئەوەی کە سەرنجی مریەمی ڕاکێشا ئەو شووشەیە بوو، کە دایکی بۆ جیا لە نێو خانەیەکی ڕەفتەکاندا دایان بوو، لەسەریشی نووسیبوو. مریەم وایدەزانی کە ئەوش جۆرێکە لە بەهاراتی چێش، بەڵام نەیبینی کە بۆ یەک جارێیش دایکی ئەوەی لەو شووشەیە دایە بەکاربهێنێت.
مریەم: دایکە ئەو شووشە بۆ تۆنیایە، چ بەهاراتێکی تێدایە؟ بۆ بەکاری ناهێنیت؟
دایکی (بە زەردەخەنەیەکی ناسکەوە): مریەم گیان ئەو شووشەیە خۆشی تێدایە.
مریەم (بە پێکەنین و سەرسامییەوە): خۆشی تێدایە؟!
دایکی: بەڵێ.. خۆشی کوردستانی تێدایە.
مریەم (هێندەی تر سەری سوڕما): خۆشی کوردستان؟! ئەی لە نەرویج خۆش نییە؟

دایکی: بۆی کچۆ شیرینۆکۆم، لۆرۆ و لۆ هۆموو وۆاتۆکدا خۆۆ هۆیۆ.
مریۆم: کۆواتۆ خۆۆی کوردستانت بۆچییۆ؟
دایکی: ئۆم پرسیارۆتم پۆخۆش. مریۆم گیان، من و باوکت لۆ کوردستان لۆدایک بووین. لۆ کوردستان گۆش و پۆروۆردۆ بووین و گۆورۆ بووین، هۆوای کوردستانمان هۆۆمژی، ئاوی کوردستانمان خواردۆوۆ، لۆ بۆروبوومی خاکی کوردستانمان خوارد.
بۆیۆ کوردستان و هۆموو شتۆکی کوردستانمان لا پیرۆزۆ. کوردستان نیشتمانی یۆکۆمی ئۆمۆیۆ، زۆر خۆشمان دۆوۆ و لامان شیرینۆ، هۆمیشۆ لۆ بیرمانۆ و لۆ ناو دۆمان دایۆ.
مریۆم: ئۆمانۆ تۆگۆیشتم، ئۆی ئۆو خۆۆۆی کوردستانتان بۆ لۆوۆ داناوۆ؟
دایکی: تا رۆژانۆ بیبینین و هۆمیشۆ کوردستان لۆ بیر و خۆیاۆ و بۆرچاومان بۆت.
مریۆم: لۆ ئۆمۆوۆ کوردستان نیشتمانی یۆکۆمی منیشۆ، خۆشم دۆوۆت، ئۆو خۆۆشم خۆشدۆوۆت.
دایکی (لۆ باوۆشی کرد و سی و چوار ماچی کرد): دۆمخۆش کچۆ ژیر و زیرۆکم.

رۆزا شوان
نۆرویج: ۲۰۱۹

کورتۆنامۆی شیعریی .. ۆستی دۆهۆم … فۆتاح حۆسۆن

دووری، نابۆتۆ مایۆی دابۆان
وۆلۆ بۆدۆنگی .. با.

رۆشبا زیندووۆ
ئۆی ئۆوۆ نییۆ لورۆی دۆت.
دۆریا زیندووۆ

گو بە شەپۆلەکانی رادێر
منیش زیندوم
گو لە ناڵەی دەم بگر

دەم وا ئاهەناو بەبینینی تۆ،
زیکر بکا و حاڵي لێبێ ..
کە، تۆ نەبینم،
زیکری چی و حاڵی چی؟!

ترپەی دڵی من و
تەپەی دەروێش
هەزی ئاکۆشانی زەوی و مانگ.

ئەلزهایمەر ناخۆش نییە
بەوەرجەی
خۆشویستکەت لەبیرنەکەی.

من، ناتوانم کە، پێتبڵێم
خوات لەگەڵبێ بەیەکجاریی.. نا
وەڵە کە، خەت دەیەی
ئای، کە لەپشتەوە جوانی.

هەرکات زانیت
کەسێك هەیە و
لەمن زیاتر خۆشدەوێیت،
بە منەت بە، لێبیرمکە.

فەتاح حەسەن
دانیمارك / ڤالبی

2018
.

بەوازی … عارف کوردە

وەسم.. وەس
ناتوانم مانشتی ژنامەکانیش
بخوێنمەوە
گوێ لە هەواڵەکانیش ناگرم
جیهان خەوتگەیەکە
بای ڕکخراوەکان
ونجە ونجەی کردووە
شەقە شەقیەتی..
لەو فریشتەیەش بێزارم
دوو چرا لەسەر شانیەتی و
دە بە لام و منیش،
دەچمەوە ژێر نوێنەکەم و
نامەوێ بە ئاگابەمەوە
غەریبی،
لەتەونی جانجەکەیەکدا
لولی داوم و
خەمەکان دەمکرێژن و
دەمکێن بە بنەشتی دارەبێن و
دەمجاون.. خە کاژێیان
هیلاک نابێ
ئەوان سیرمەی بە ڕوویین
نە پێناسیان هەیە
نە بنەچەو ناسنامە
لە منداڵدانی سیاسەتەوە
لەدایک بوون
ناوکیان بڕچەقەی
گەمەی سەر مێزوو
پێکی شەوانەوە بەاوە

سلسار بەلا جانگیانا
دەتەخوارێ و
وەنەی شەقامەکی نووستوو
بە تەوەیانەوەیەو
مەمێ کەتەیەک لەوەکانی قەیشاوەو
لەنەو سەرەنویلکدا فڕدراوەو
کسەکەک پاسەوانی دەکات
لەترسی دایک و باوکەکان..
بەوازم.. بەواز
دەمەوێ لەم جیهانە پەوپوچەدا،
لەشەقەی باڵ بدەم.